# گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# ٤٥١

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٥١ – گوڵان – مای ٢٠٢٤


## سەروتار

### نیشانەکانی دەستپێکی ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامی

لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا قەیرانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ناوخۆیی و ناوچەیی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر پەرەی سەندووە و قووڵتر بووەتەوە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هیچکات بەم ڕادەیە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قەیرانەکان بێتوانا و زەبوون نەبووە. بۆ هیچ کام لەو قەیرانانەی کە بەرۆکی گرتووە ڕێگاچارەی نییە. خامنەیی وەک کەسی یەکەمی حکوومەتی ئیسلامی زیاتر لە هەموو کاتێک بێ ئیعتبار بووە و ڕاستەوخۆ لەلایەن کرێکاران، خانەنشینان، موعەلیمان، ژنان، خوێندکاران و تەنانەت لەلایەن زۆرێک لە مۆرەکانی دەزگای ڕووحانییەتی خودی و غەیری خودییەوە دەدرێتە بەر نارەزایەتی و ڕەخنەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆوە. هەڕەشە و تەمەنا و پاڕانەوەی خامنەیی لە هەموو بوارێکدا بێ وڵام دەمێنێتەوە. بۆشایی و دوژمنایەتی لە نێوان حکوومەت و جەماوەری خەڵک ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قووڵتر دەبێتەوە، تا جێیەک کە هەرچییەک سەرانی ناوەندەکانی ڕووحانییەت و فەرماندەکانی سپای پاسداران بیانهەوێ و بیڵێن، خەڵک بەپێچەوانەی ڕەفتار دەکەن. ژنانی ئازادیخواز بە خستنە ژێر پێی فەرمانەکانی خامنەیی و یاسای ناوەندەکانی کۆنەپەرستی و سەرکوت، بە ڕەچاونەکردنی حیجابی ئیجباری، ڕێبەران و دامودەزگاکانی دەسەڵاتیان هیلاک و ئاڵۆز کردووە. بەڕێوەبردنی گەڵاڵەی دژەژن و کۆنەپەرستانەی وەک ”تەرحی نوور“ لەئێستادا بووەتە کێشەیەکی گەورە بۆ سەران و فەرماندەکانی سپای پاسداران. شەقام و شوێنە گشتییەکان، ڕۆژانە بووەتە مەیدانی شەڕ و تێکهەڵچوونی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز لەگەڵ بەکرێگیراوانی حیجاببان و هێزە ئەمنیەتی و سەرکوتگەرەکان





**پێویستی پەرەپێدانی خەباتی ئێستای کرێکاران**



**مەسیری ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی**

**پێویستی پەرەپێدانی بزووتنەوەی هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی فەلەستین**



**شەڕی ڕاستەقینە لەسەر شەقامەکانە و ژنان لە ڕیزی پێشەوەی ئەم شەڕەدان**

کە لە بەرامبەریاندا لە ئازادی و کەرامەتی ئینسانی خۆیان دیفاع دەکەن. هەڵسووکەوتی هێزە سەرکوتگەرەکان بەرامبەر بە ژنان بووەتە شەرمەزارییەکی دیکە بۆ حکوومەتی ئیسلامی. تا جێیەک کە زۆرێک لە ئاخوندەکان و تەنانەت مۆرەکانی باڵی ئوسوولگەراش لۆمەی حکوومەت دەکەن و نیگەرانی مانەوەی دەسەڵاتەکەیانن. تەنیا ئامرازی درێژەی دەسەڵات، واتە سەرکوت و ئێعدام و ئەشکەنجە کە ڕژیم بەشێوەیەکی دڕندانە و دێوانەئاسا بەڕێوەی دەبات، چیتر کاریگەر نییە.

وەها بارودۆخێک کە تێیدا ”نە حکوومەت توانای





دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای هەیە و نە جەماوەری خەڵک قەبووڵی دەکەن کە ڕژیمی ئیسلامی بەسەریاندا حکوومەت بکات“، دەتوانێ نیشانەی دەستپێکی پڕۆسەی داڕمان و ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامی بێت. ئاماژەکردن بە یەک دوو فاکت لەم بوارەدا دەتوانێ ڕاستبوونی ئەم ئیدیعایە پشتراست بکاتەوە: لەماوەی مانگەکانی ڕابردوودا مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاران و توێژە ژێر ستەمەکانی دیکەی کۆمەڵگا، خانەنشینان، موعەلیمان، خوێندکاران، پەرەستاران و تەنانەت کەسەبەی بازاڕ بەردەوام زیادی کردووە. لەماوەی دوو سێ حەفتەی ڕابردوودا تەنانەت شایەدی مانگرتنی تەڵافرۆشان و کەسەبەی ناوەندەکانی لەوازمی ئارایش و بێهداشتی بووین. لە بواری بارودۆخی ئابووریدا بەپێی ڕاپۆرتی ئەم دواییەی بانکی مەرکەزی ڕژیم، لەماوەی ٩ مانگی ڕابردوودا بەهۆی نەبوونی ئەمنیەت، سەرمایەدارانی بەشی خسووسی و دەوڵەتی، ٢٠ ملیارد و ١٩٣ ملیۆن دۆلار سەرمایەیان لە ئێران بردووەتە دەر. ئەم ڕێژەیە لە چوونەدەری سەرمایە لەچاو دەورەی هاوشێوە لە ساڵی ڕابردوو ٢٥% زیادی کردووە. ناسر هیمەتی سەرۆکی پێشووی بانکی مەرکەزی ئاشکرای کرد کە دەوڵەتی ڕەئیسی مانگانە ٢٠ هەزار ملیارد تمەن پارەی بێ پشتیوانە چاپ دەکات و دەیخاتە ناو بازاڕەوە تا بەشێک لە قەرزی یەک تریلیۆن تمەنی دەوڵەت دابین بکات. ئەم بابەتە خۆی بووەتە هۆی چوونەسەری ڕێژەی تەوەرۆم و گرانی و هاتنە خواری بەهای ڕیاڵ کە نیشانەیەکی دیکەی داڕمانی حکوومەتی ئیسلامییە.

لەبواری پرسە سیاسییەکاندا، زۆرێک لە بەرپرسان و دەست و پەیوەندەکانی ڕژیم بەمەبەستی پاکانەکردن بۆ خۆیان، سەرپێچی و نافەرمانی دەکەن و یان بۆ دەرەوەی ئێران ڕادەکەن. ئەمەش خۆی نیشانەی لێکهەڵوەشانی ڕیزەکانی حکوومەتی ئیسلامییە کە تا دێت زیاتر دەبێت و نیشانەیەکی دیکەی دۆخی نائارامی حکوومەتی ئیسلامییە. شانۆی ئینتخاباتی مەجلیسی شۆرا و مەجلیسی خوبرگان لە دەورەی یەکەم و دووهەم، دوور کەوتنەوەی زیاتری هێزەکانی ڕژیم و خاڵی کردنی ژێر پێی سەرانی حکوومەتی ئیسلامی نیشان دەدات. ئاستی بەشداری لە گاڵتەجاڕی ئینتخاباتی دەورەی دووهەمی مەجلیس، سەرەڕای تەئکیدەکانی خامنەیی و هەوڵی داموودەزگاکانی حکوومەت، بێ ڕەونەقتر و سەرشۆڕانەتر لە دەورەی یەکەم بوو. تا جێیەک کە ڕۆژنامەی ئوسوولگەرای ڕەسالەت لە سەروتارەکەی خۆیدا، ئاکامی ئینتخاباتی دەورەی دووهەمی بە ”کارەسات و قەیران و تەحقیر“ وەسف کرد. ڕێژەی بەشداری لە دەورەی دووهەم لە تاران، ٧% و لە زۆرێک لە شارە گەورەکانی ئێران کەمتر لە ١٠% بووە. هەروەها پرتەوبۆڵەی مۆرە باڵاکانی ڕژیم لەوانە ئاشکرابوونی نامەی حەسەن ڕووحانی بۆ ئەحمەد جەنەتی سەبارەت بە ڕەدی سەلاحیەت، نیشانەی تەنگتربوونەوەی




ئاڵقەی دەسەڵات و نیشانەی نیگەرانبوونی حاکمانە تەنانەت لە خودییەکانی کۆماری ئیسلامی. ڕووحانی لە نامەکەیدا ئیعترافی کردووە کە لە کۆماری ئیسلامیدا پۆستی سەرۆک کۆمار هیچ بایەخێکی نییە. ئەو دەڵێ: “کەسێک کە لە ئینتخاباتێکدا ملیۆنها دەنگی پێدراوە، بە ئاسانی لەلایەن ئەو کەس و ناوەندانەی کە خەڵک هەڵینەبژاردوون، ڕەتی سەلاحیەت دەکرێنەوە“. ئاکامی ئەم نمایشە ئینتخاباتییە لەماوەیەکی کورتدا لەلایەکەوە خێرابوونەوەی ڕەوتی دوورکەوتنەوەی هێزەکانی ڕژیم نیشان دەدات و لەلایەکی دیکەشەوە بێ ئیعتباربوونی هەرچی زیاتری حکوومەتی ئیسلامی و ئاستی بەرینی نەفرەت و بێزاریی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش نیشان دەدات کە ساڵەهایە ژیانێکی فەلاکەتباری بەسەریاندا سەپاندووە. سیاسەتی دەخاڵەتگەرانە و پڕهەزینەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە، بەتایبەتی دوای دەستپێکردنی شەڕی تاوانکارانە و جینۆسایدی حکوومەتی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی فەلەستین، بەرەوڕووی شکست بووەتەوە. ڕژیمی ئیسلامی سەرەڕای هات و هاواری تەبلیغاتی سەبارەت بە ”دیفاع لە خەڵکی فەلەستین و سڕینەوەی ڕژیمی سەهیۆنیسی لەسەر نەخشەی جوگرافیا“، دوای تێپەڕینی حەوت مانگ لەم شەڕە نەتەنیا نەیتوانیوە کارێک بۆ خەڵکی ستەملێکراوی فەلەستین بکات، بەڵکوو لەئاست تەڵەفات و خەساراتێک کە دەوڵەتی ئیسرائیل لە کۆماری ئیسلامی داوە، سیاسەتی ”عەقڵانییەتی ئینقلابی و نەرمشی قارەمانانە، واتە بێدەنگی گرتووەتە بەر. هەروەها ئامرازی دەخاڵەتکردنی لە ناوچەکە واتە ”هێزەکانی میحوەری موقاومەت“یش هیچ بەرهەمێکی بۆ ڕژیم نەبووە. لەئێستادا کۆماری ئیسلامی نەتەنیا لە خەڵکی فەلەستین بەڵکوو لە خۆشی ناتوانێ دیفاع بکات. لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا چەکی ڕەوانەکراوی ڕژیم بۆ ئەخوانولموسلمین، لەلایەن دەوڵەتی ئۆردۆنەوە دەستی بەسەردا گیراوە. حکوومەتی ئوردن جگە لە دەستگیرکردنی ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەو حیزبە، بەنیازە لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان سکاڵا لەسەر کۆماری ئیسلامی بەهۆی ناردنی چەک و تەقەمەنی بۆ ئوردن تۆمار بکات.

بێگومان تەمەنی کۆماری ئیسلامی گەیشتووەتە کۆتایی و هەموو نیشانەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا لە ئێران ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی ڕوودەدات و حکوومەتی ئیسلامی دەڕووخێت. هەربۆیە ڕێبەران و سەرانی ڕژیمیش مانەوە و ئەمنیەتی خۆیان لە مەترسی جیددیدا دەبینن. لە وەها بارودۆخێکدا گرینگ ئەوەیە کە کرێکاران بە مانگرتنی یەکگرتووانە و سەرتاسەری بەتایبەت لە ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان، زەحمەتکێشان و بەشمەینەتانی کۆمەڵگا بە پەرەپێدانی ناڕەزایەتی جەماوەری و سەرتاسەری و بە ڕێکخستنی ڕیزەکانیان بتوانن ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو بە ئاراستەی بەرژوەند و قازانجی چینایەتی و دامەزراندنی دەسەڵاتی شۆرایی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشدا بەرن.

❊❊❊

# پێویستی پەرەپێدانی خەباتی ئێستای کرێکاران

هەروەک زۆر جار باسمان کردووە، لە ڕوانگەی ئێمە کۆمۆنیستەکانەوە خەباتی ئابووری و ڕۆژانەی کرێکاران بەشێکی گرینگ و جیانەکراوە لە خەباتی چینی کرێکارە دژبە نیزامی سەرمایەداری. نارەزایەتی و مانگرتنی ڕۆژانەی کرێکاران لەسەر داواکاری ئابووری و ڕفاهی، یان بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی سەرمایەداران بۆ سەر ژیان و کار و بژێوی کرێکاران، خەباتێکە بۆ ڕێگریکردن لە خراپتربوونی ژیانی کرێکاران و باشترکردنی بارودۆخی فرۆشتن و بەرزکردنەوەی بەهای هێزی کار. خەباتی کرێکاران وەک تایبەتمەندییەکی بابەتی و جیانەکراوەی نیزامی سەرمایەداری هەتا کاتێک ئەم سیستمە دەسەڵاتدارە، لە ئاستێکی کەم یان زۆر بەڵام بەشێوەی بەردەوام لەئارادایە.





بۆیە هەمیشە ئەرکی کۆمۆنیستەکانە کە چالاکانە هەوڵی یارمەتیدانی ڕێکخستن و ڕێنوێنیکردن و سەرکەوتنی خەباتی ئابووری کرێکاران بدەن. بەڵام ئامانجی کۆمۆنیستەکان لەم خەباتە، تەنیا بە دەستەبەرکردنی داخوازییەکانی مانگرتن یان ئاکسیۆنێکی کرێکاری لەم یان لەو کارخانە سنووردار نابێتەوە. میحوەری کاری کۆمۆنیستەکان وەک بەشی هۆشیاری چینی کرێکار کە بیر لە بەرژەوەندی گشتی بزووتنەوەی کرێکاری دەکەنەوە، بردنەسەری هۆشیاری چینایەتی کرێکاران و کۆمەک بە ڕێکخستنی جەماوەری کرێکارە. لە جەریانی مانگرتن و نارەزایەتی کرێکاریدایە کە کرێکاران لەئاستی جەماوەریدا لە زەرووڕەتی سازماندان دەگەن. لەم ڕووەوە کۆمۆنیستەکان لە هەڵسووکەوت لەگەڵ خەباتی ڕۆژانەی کرێکاران، بێجگەلە هەوڵ بۆ دەستەبەرکردنی ئەم یان ئەو خواستی دیاریکراو، بردنەسەری ئاستی هۆشیاری، ڕێکخستن و بەهێزکردنی ئەم خەباتە تا ئاستێکی چینایەتی و سەرتاسەریش لەبەرچاو دەگرن. کرێکارانی کۆمۆنیست بە ئەرکی خۆیانی دەزانن کە ئەم خەباتە کە زیاتر بەشێوەی پڕژوبڵاو لە کارخانەکان لەسەر خواستی ئابووری و سنووردار بەڕێوەدەچێت، یەکگرتوو و هاوئاهەنگ بکەن، خەسڵەتی چینایەتی و سەرتاسەری پێ بدەن و لە دەستکەوت و دەرس و ئەزموونەکان کە جەماوەری کرێکار لەم خەباتەدا بەدەستیان هێناوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و بەهێزکردنی ڕێکخستنی چینی کرێکار کەڵکی لێ وەرگرن. بەسەرەنجدان بەم خاڵانەی باسیان لێکرا، بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجانە پێویستە لە ڕوانگەی بەرژەوەندی چینی کرێکارەوە لەگەڵ هەر خەبات و ئاکسیۆنێکی دیاریکراوی کرێکاری هەڵسووکەوت بکرێت.

دروشم و ڕێنوێنی کرداری کۆمۆنیستەکان لەپێناوی خەباتی ئابووری کرێکاران ئەگەرچی ئاستی ئامادەیی کرێکاران لە ناوەندێکی دیاریکراوی بەرهەمهێنان و هێزی هاتنە مەیدانی چالاکان و ڕێبەرانی کرێکاری لە مەحەل لەبەرچاو دەگرێت، بەڵام لە هەمان حاڵدا پێویستە هاوسەنگی ڕاستەقینەی هێز لە نێوان چینی کرێکار و سەرمایەداران و دەوڵەت لەئاستی گشتیتردا لەبەرچاو بگیرێت، بۆ ئەوەی لە هێزی کرێکاران بۆ داسەپاندنی خواستەکانیان وێنەیەکی ڕوونیان هەبێت. بەشداری چالاکانەی کرێکارانی سۆسیالیست لە خەباتی ئێستای کرێکاران و پەرەپێدان بەم خەباتە بەستێنی گونجاو بۆ بردنەسەری ئاستی هۆشیاری چینایەتی کرێکاران و تێگەیشتن لە پێویستی ڕێکخستنی کرێکاران لەئاستی جەماوەریدا ئامادە دەکات.

هەربۆیە نابێ چاوەڕوانی سەرهەڵدانی مانگرتن و نارەزایەتییە کرێکارییەکان بین و دەست لەسەر دەست دابنێین. جەماوەری کرێکار تەنانەت کاتێک دەستیان نەداوەتە خەباتیش، نارازین. خواست و داخوازی دیاریکراویان هەیە. لەم ڕووەوە پێویستە بەستێنە بابەتییەکانی خەبات و گەڵاڵەکردنی خواستی کرێکاران بناسرێن و هەوڵ بدرێت کرێکاران بۆ گەیشتن بە داخوازییەکانیان هان بدرێن. چونکە لە جەرگەی ئەم خەباتەدایە دەکرێ هۆشیاری چینایەتی لەئاستی بەریندا ببردرێتە ناو کرێکارانەوە و جەماوەرێکی زیاتر لە کرێکاران، زەرووڕەتی ڕێکخستنی چینایەتی و جەماوەری کرێکاران دەرک بکەن.

پێویستە پێشوەختە پێشوازی لە ڕێکخستنی مانگرتن و خەباتی کرێکاری بکرێت و لە ڕوانگەی سیاسی و تەشکیلاتییەوە، بۆ ئەم خەباتە زەمینەسازی و ئامادەکاری بکرێت. ئەمە پێشمەرجێکی بنەڕەتییە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ خەسڵەتی خۆبەخۆیی و بۆ پێشڕەوی و هیدایەتی سەرکەوتووانەی ئەم خەباتە. ئاستی سەرکەوتن و شکست و ئاستی پێشڕەوی کرێکاران لە هەر ئاکسیۆن و خەباتێکی دیاریکراودا پێویستە بە پێوەری چینایەتی هەڵسەنگێندرێ. بۆ نموونە لەوانەیە خەباتی کرێکارانی کارخانە و ناوەندێکی بەرهەمهێنان بۆ بردنەسەری حەقدەست یان بۆ ڕێگری لە دەرکردنی هاوکارانیان و یان بۆ ڕیزبەندیی پیشەکان ئاکامی خوازراوی لێنەکەوێتەوە و نەبێتە هۆی وەدیهاتنی خواستی کرێکاران، کە هەڵبەت سەرنەکەوتنی ئەم خەباتە دیاریکراوەش لە جێگەی خۆیدا پێویستە بدرێتە بەر لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگێندرێ و ئەزموونی لێ وەربگیرێت. کرێکاران ئەگەرچی لەم خەباتەدا بە خواستە دیاریکراوەکانیان نەگەیشتوون، بەڵام لەچاو ڕابردوو یەکگرتووتر بوون و لە جەریانی ئەم خەباتەدا زیاتر ناوەڕۆکی نیزامی سەرمایەدارییان دەرک کردووە و زیاتر لە ڕابردوو لە زەرووڕەتی ڕێکخستنی چینایەتی کرێکاران گەیشتوون، ئەمانە هەموو دەستکەوتی بەنرخن لە خەباتی کرێکاراندا کە دەتوانن بۆ پێشڕەوی خەباتیان کەڵکی لێوەرگرن.

یان وەک نموونەیەکی دیکە، لەئێستادا دەبینین کە نارەزایەتییەکی بەرین لەئاست لانیکەمی حەقدەستی دیاریکراو لەلایەن شۆرای باڵای کار لەناو کرێکاراندا لەئارادایە. بەشە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی کرێکاری لەئاست ئەم بڕەی حەقدەست کە سێ تا چوار بەرابەر لەژێر هێڵی هەژاریدایە ئیعترازیان هەیە. ڕێکخراو و ناوەندە سەربەخۆ جۆراوجۆرەکانی کرێکاران، دیاریکردنی ئەم بڕە بۆ لانیکەمی حەقدەست بە هێرشێکی ئاشکرا بۆسەر ژیان و بژێوی کرێکاران هەڵدەسەنگێنن. بەشە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی کرێکاری لە بڕیارنامە و بەیاننامەکانیاندا کە بەبۆنەی یەکی ئەیاری ئەمساڵ دەریان کردووە، وێڕای ڕاگەیاندنی ئەوەیکە حەقدەستی دیاریکراو نیشانەی داسەپاندنی هەژاری و بەدبەختی زیاترە بەسەر کرێکاران و لە خزمەت زەمانەتکردنی قازانجی سەرمایەداراندایە، داوایان کردووە کە کرێکاران لەڕێگەی نارەزایەتی و کردەوەی ڕێکخراو لەپێناوی بردنەسەری هەرچی زیاتری حەقدەستی خۆیان خەبات بکەن.

دیارە لەم خەباتە دیاریکراوەدا داسەپاندنی حەقدەستی گونجاو لەگەڵ ژیانێکی ئینسانی بەسەر دەوڵەت و خاوەنکاران یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی ئەم خەباتەیە. بەڵام ئەمە بەتەنیا تایبەتمەندی و پێناسەی سەرکەوتنی ئەم خەباتە نییە. هەروەک باسمان کرد لەوانەیە کرێکاران لەم خەباتە دیاریکراوەدا دەستکەوتێکی بەرچاویان نەبێت، بەڵام خاڵی گرینگ ئەوەیە کە کرێکاران لە ئاکامی ئەم خەباتەدا تا چ ئاستێک وشیارتر و یەکگرتووتر دەبن. تا چ ڕادەیەک دەتوانن کرێکاران لە ئاستی جەماوەریدا ئاگادار بکەینەوە لە سروشتی چینایەتی خەباتی کرێکاران بەرامبەر سەرمایەداران و دەوڵەت لەسەر مەسەلەی حەقدەست. تا چ ڕادەیەک کرێکاران لەم نەبەردەدا یەکگرتووتر دەبن. هەڵسووڕاوان و ڕێبەرانی ڕادیکاڵی بزووتنەوەی کرێکاری سەرەڕای ئەو ناکۆکییانەی کە ڕەنگە لەسەر شێواز و چۆنیەتی پێشخستنی خەبات لەم بوارەدا هەیانبێت، تا چ ڕادەیەک دەتوانن بەستێنەکانی یەکگرتوویی زیاتری کرێکاران بدۆزنەوە، و بە سازماندانی ئیتحادی عەمەل و هاوکاری ئاراستە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی کرێکاری، کرێکاران یەکپارچەتر بێننە مەیدانی خەبات بەرامبەر بە سەرمایەداران. کەوابوو کرێکارانی سۆسیالیست کە بەشداری و دەخاڵەتی چالاک لە خەباتی ئێستای کرێکاران بە ئەرکی خۆیان دەزانن نابێ بۆ ساتێک بابەتی یارمەتیدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری چینایەتی کرێکاران، خزمەت بە یەکگرتوویی چینایەتی و ڕێکخستنی کرێکاران لە جەرگەی ئەم خەباتە فەرامۆش بکەن.

❊❊❊

# شەڕی ڕاستەقینە لەسەر شەقامەکانە و ژنان لە ڕیزی پێشەوەی ئەم شەڕەدان

هێرشی تازەی هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دژبە ژنان کە لە ڕۆژی شەممە ٢٥ی مانگی خاکەلێوەوە لەژێرناوی "گەڵاڵەی نوور" بەوپەڕی توندوتیژییەوە دەستپێکرد، بەهۆی موقاومەتی لێبڕاوانەی ژنان تووشی شکست بووە. سەرەڕای هەڕەشە و پەرەسەندنی سەرکوت، لە زۆرێک لە شارەکانی ئێران ژنان بەبێ حیجاب لە شەقامەکان هاتوچۆ دەکەن و هێزە سەرکوتگەرەکان کە لە ئاستێکی بەریندا ڕەوانەی شەقامەکان کراون لەگەڵ ژنان دەرگیر دەبن و بە وتەی ژنێکی بوێر و ئازادە: "شەڕی ڕاستەقینە لە



شەقامەکانە و ژنان لە ڕیزی پێشەوەی ئەم شەڕەدان".
شکستی ئەم گەڵاڵە کۆنەپەرستانەیە دوای دوو هەفتە و نیگەرانی لە ئاکامە مەترسیدارەکانی بۆ ڕژیم بووەتە هۆی ناکۆکی لە نێوان ناوەندە باڵاکانی دەسەڵات. ئەوان کە لە سەرەتادا بۆ بەڕێوەبردنی ئەم گەڵاڵە دژەئینسانییە دەستیان خستبووە دەستی یەکەوە، لەئێستادا بەرەوڕووی موقاومەتی ژنان بوونەتەوە و بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن پاکانە بۆ خۆیان بکەن و هەر کام ئەوی تر خەتابار دەکات.

لەم پێوەندییەدا ماڵپەڕی هەواڵی "ڕەجا نیوز"ی سەر بە ڕەوتی "جەبهەی پایەداری"، لە ڕەخنە بەم گەڵاڵەیە، ئەمە هەرگەشتی ئیرشادە کە تێچووی قورسی بەسەر نیزامەکەیاندا سەپاندووە. ئیبراهیم ڕەئیسی قاتڵیش دەیهەوێ بەجۆرێک حاشا لەوە بکات کە لە پەسندکردن و جێبەجێکردنی "گەڵاڵەی نوور"دا بەشدار نەبووە و بەتەمایە هەزینەی ئەم شکستە سەرشۆڕانەیە بەسەر ئێژەیی و قالیبافدا بسەپێنێ و ئەوان وەک خەتاباری سەرەکی نیشان بدات. موحسێنی ئێژەیی سەرۆکی تاوانکاری دەزگای قەزایی کە دوو هەفتە لەمەوبەر بۆ جێبەجێکردنی گەڵاڵەی حیجابی ئیجباری پەلەی بوو، ڕوو بە مۆرەکانی خۆی ڕایگەیاند: "بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی لەبواری حیجاب و عیفافەوە وەزعێکی باشی نییە، نابێ چاوەڕوانی پەسندکرانی نیهایی گەڵاڵەی حیجاب و عیفاف بین و پێویستە بە بەکارهێنانی یاساکانی ئێستا بۆ باشترکردنی وەزعی عیفاف و حیجاب هەوڵ بدەین". بەڵام لەئێستادا ئێژەیی دەڵێ ڕەئیسی کە خۆی پێداگری لەسەر بەڕێوەبردنی ئەم گەڵاڵەیە کردووە ئێستا خۆی لێ ناکاتە خاوەن. لەم پەیوەندییەدا ڕۆژی دووشەممە ٣ی مانگی گوڵان وتی: «لە کۆبوونەوەیەکدا کە ماوەیەک لەمەوبەر لەگەڵ ڕەئیسی بوومان ئەو تەئکیدی کرد کە (نابێ دەستبەرداری بابەتی حیجاب و عیفاف بین و داوامان لە فراجا کردووە کە بێتە مەیدان). دەی باشە ئێمە کە ئەوەمان وتووە چۆن دەتوانین ئەمڕۆ خۆی لێ بێ خاوەن بکەین و بە قەولی عامیانە بڵێین: "کێ بوو کێ بوومن نەبووم"؟. سەرپاسدار "ڕادان" فەرماندەی فراجاش ڕۆژی سێشەممە چواری مانگی گوڵان ڕایگەیاند کە بڕیاری جێبەجێکردنی گەڵاڵەی نوور بە ڕەزامەندی و پشتیوانی دەوڵەت و مەجلیس و دەزگای قەزایی بەڕێوەدەچێت.

بەڵام سەرانی جەنایەتکاری سێ دەزگاکەی حکوومەت واتە ڕەئیسی و قالیباف و ئێژەیی بەدوای وتەکانی عەلی خامنەیی لە ڕۆژی چوارشەممە ١٥ی خاکەلێوە لە دیدار لەگەڵ ئەوان و فەرماندەکانی سپای پاسداران، وێڕایان وەها بڕیارێک دەربکەن. خامنەیی کە پێشینەیەکی دوورودرێژی لە دژایەتی لەگەڵ ژنان هەیە، لەم کۆبوونەوەیەدا ڕاشکاوانە وتی: "حیجابی ژنان لەبواری شەرعییەوە حوکمێکی ڕەوایە و نابێ پشتگوێ بخرێت". بەمجۆرە ئەو بە ئەوان و هێزە سەرکوتگەرەکان و ئاتەش بە ئیختیارەکان فەرمانی دا کە لەدژی ژنان وەها یاسایەک پەسند بکەن و برژێنە سەر شەقامەکان و دژبە ئازادی ژنان بڕۆنە ناو شەڕێکی بەتەواو ماناوە. لەئێستادا کە جێبەجێکردنی گەڵاڵەی دژەئینسانی "نوور" تووشی شکست بووە و بەرەوڕووی ناڕەزایەتیی خەڵک و تەنانەت زۆرێک لە دەست و پێوەندەکانی حکوومەتیش بووەتەوە، هێندێک لە ناوەند و میدیاکانی سەربە دەوڵەت و خزمەتکارانی خامنەیی هەوڵی بێبەری کردنی دەدەن لەئاست ئەم کردەوە دژەئینسانییە بەرامبەر بە ژنان. لەم پەیوەندییەدا فەزائلی ئەندامی دەفتەری خامنەیی وێڕای ڕەخنەگرتن لە هەڵسوکەوتی هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم بەرامبەر بە ژنان وتی: «نابێ کاری بێ قاعیدە و بێ بەرنامە ئەنجام بدرێت. ڕێبەری لەگەڵ ئەوانە موافق نییە».

لە وەها بارودۆخێکدا بەهۆی ئەوەیکە "گەڵاڵەی نوور"ی ڕژیم بەرەوڕووی خۆڕاگری ژنانی ئازادیخواز و خەباتکار بووەتەوە و هێزی ئینتزامی ڕژیم توانای بەرەنگاربوونەوەی نییە، حکوومەتی ئیسلامی لە هەوڵی ئەوەدایە بە هێنانەمەیدانی سپای پاسداران هێزی سەرکوتی ژنان تەقویەت بکات و کەشوهەوای ئەمنیەتی بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنێت. لەلایەکەوە دەیهەوێ سپای پاسداران لەژێرناوی بێناوەرۆکی "سەفیرانی مێهر" بۆ کۆمەکی هێزی ئینتزامی بۆ سەرکوت و داسەپاندنی حیجابی ئیجباریی ژنان بێنێتە سەر شەقام و لایەکی دیکەوە بە گرتنەبەری سیاسەتی قیزەونی پەروەندەسازیی ئەمنیەتی بەرەنگاری ئەو ژنە ئازادیخوازانە بێتەوە کە خوازیاری سەرەتاییترین مافی خۆیان واتە ئازادی پۆشینن. لەم پەیوەندییەدا ڕۆژی سێشەممە ٤ی مانگی گوڵان فراجا (فەرماندەیی ئینتزامی جمهوری ئیسلامی) لە ڕاگەیاندنی ژمارە ٤ی خۆیدا، درۆزنانە و فریوکارانە باسی لەوە کرد کە ژنانی ئازادیخواز لەگەڵ "باندە تاوانکارە نێونەتەوەیی و ناوخۆییەکان لە بواری فەساد و فەحشا و تەجارەتی جنسی" پەیوەندییان هەیە و گۆیا ئەم مەسەلەیە بووەتە هۆی پەسندکران و جێبەجێکرانی گەڵاڵەی ڕیسوای "نوور". بێگومان ئەم ئیدیعایەی "فراجا" سەبارەت بە ژنانی ئازادە نەتەنیا پووچ و بێناوەرۆکە، بەڵکوو ڕێک وەسفی حاڵی خۆیان و بەشێک لە مەشغەڵە و کاری ڕۆژانەی سپای پاسدارانە. ئەم ئیدیعا بێشەرمانەیەی "فراجا" لەلایەن عەلی خامنەییەوە دوو هەفتە لەمەوبەر بەشێوەیەکی تر وترایەوە. ئەو ژنانی بێ حیجابی "دەست و پەیوەندی بێگانە و دوژمن" وەسف کرد. تا بەمجۆرە کەس نەتوانێ دژایەتی بکات و ژنانیش ناچار بەوە بکات لە بەرامبەر بیروبۆچوونی پرتووکاوی ئایینیدا تەسلیم و ملکەچ بن.

***

# بە یادی مانگرتنی سیاسی خەڵکی کوردستان لە ٢٣ی گوڵانی ١٣٨٩
# لە نارەزایەتی دژبە ئیعدامی فەرزاد کەمانگەر و هاوڕێیانی

ڕۆژی یەکشەممە ٢٣ی مانگی گوڵان چواردەهەمین ساڵیادی مانگرتنی گشتی خەڵکی کوردستان لە نارەزایەتی دژبە ئیعدامی فەرزاد کەمانگەر، شیرین عەلەم هولی، فەرهاد وەکیلی، عەلی حەیدەریان و مێهدی ئیسلامیان بەدەستی ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامییە. لە سێدارەدانی فەرزاد کەمانگەر و چوار زیندانی سیاسی دیکە لە ڕێکەوتی ١٩ی گوڵان لەگەڵ شەپۆلێکی تورەیی و نارەزایەتی لە شارەکانی کوردستان بەرەوڕوو بووەوە. خەڵک لە شارەکانی کامیاران، سنە و سەقز دەستبەجێ کاردانەوەیان نیشان دا. دایکی فەرزادی کەمانگەر، لەگەڵ بیستنی هەواڵی ئیعدامی ڕۆڵەکەی، لە شەقامەکانی شاری کامیاران حازر بوو و لەسەر درێژەدانی ڕێگای ڕۆڵە خەباتکارەکەی پێداگری کرد. تێکۆشەرانی شاری کامیارانیش لەگەڵ بیستنی ئەم هەواڵە دەستبەجێ ڕژانە سەر شەقامەکانی شار و لە ماڵی فەرزاد حازر بوون. ئەوان وێڕای دەربڕینی هاوخەمی لەگەڵ دایکی بوێر و ئەندامانی دیکەی بنەماڵەی ئەم موعەلیمە تێکۆشەرە، نەفرەت و بێزاری خۆیان لەئاست ئەم کردەوە جەنایەتکارانەیەی کۆماری ئیسلامی دەربڕی.

بنەماڵەی هەر پێنج چالاکی سیاسی ئیعدامکراو، دەستبەجێ دوای بیستنی ئەم هەواڵە ڕایانگەیاند کە لە ڕێکەوتی ٢٠ی گوڵان لە نارەزایەتی دژبە ئیعدامی ڕۆڵەکانیان لە بەرامبەر زانکۆی تاران کۆدەبنەوە. ئەوان بەشێوەیەکی بەرین لە لایەن تێکۆشەران و چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و لایەنە سیاسییەکانەوە پاڵپشتی کران. هێزەکانی پۆلیس بۆ پێشگرتن لەم گردبوونەوەی نارەزایەتییە، لە زانکۆی تاران و دەوروبەری جێگیربوون. بنەماڵەکان و خەباتکاران چوونە بەردەم زیندانی ئێڤین و تورەیی و بێزاری خۆیان بەرامبەر بەم دەسەڵاتە دژەئینسانیە نیشان دا. زیندانیانی سیاسی لە زیندانەکانی ورمێ، ئێڤین و گۆهەر دەشتی کەرەج ڕێزیان لە یادی فەرزاد و چوار زیندانی سیاسییەکەی دیکە گرت. نووسەران و شاعیران تورەیی و بێزاری خۆیان لەسەر ئەم تاوانە نووسییەوە. ئیعدامی ئەم پێنج زیندانییە سیاسییە لەئاستی جیهانیدا دەنگی دایەوە. هەندێک لە ڕۆژنامەکان لەوانە گاردیەنی چاپی لەندەن نووسی: "ئەو ڕژیمەی ڕوودانی بوومەلەرزە بە پۆشینی ژنانەوە پەیوەند دەدات، هیچ ئێعتبارێکی نییە بۆ ئەوەی چالاکانی مەدەنی بە دانانی بۆمب پەیوەند بدات".

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە مانۆڕی هێزی سەرکوتگەر و بە بەڕێوەبردنی حکوومەتی نیزامییەکی ڕانەگەیەندراو لە شارەکانی کوردستان بەپەلە هەوڵی دا لە هەڵچوونی توورەیی خەڵکی خەباتکار ڕێگری بکات. کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بۆ نیشاندانی عەزم و ئیرادەی یەکگرتووانە و هاوپشتی خەڵکی خەباتکاری کوردستان بەرامبەر بەم جەنایەتە، بانگەشەی بەڕێوەبردنی مانگرتنی گشتی لە ڕۆژی ٢٣ی گوڵان لە سەرتاسەری کوردستان کرد. بانگەوازی کۆمەڵە بۆ مانگرتنی گشتی لەم ڕۆژەدا، لەلایەن هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانەوە بەشێوەی بەرین پێشوازی لێکرا و خەڵکی کوردستان لە ئاستی جەماوەریدا وڵامی ئەرێنییان بەم بانگەوازە دایەوە و لە شارەکانی کوردستان مانگرتن بەڕێوەچوو.

گرینگترین و سەرەکیترین پەیامی مانگرتنی گشتی ٢٣ی گوڵان، ئەوە بوو کە خەڵکی کوردستان بۆ جارێکی تر و ئەم جارەش لێبڕاوانە بە گشت کۆماری ئیسلامی و بە سیاسەتی سەرکوتگەرانەی ئەم ڕژیمە و بە زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدامی ئینسانەکان بەخاتری بیر و باوەڕ و هەڵبژاردنی سیاسییان، نایەکی گەورەیان وت و تووڕەیی و بێزاریی قووڵی خۆیان یەکپارچە و یەکگرتووانە نیشان دا. ئەم مانگرتنە بێجگەلە نیشاندانی یەکگرتوویی و یەکڕیزی خەڵکی تێکۆشەر



و نفووزی کۆمۆنیستەکان و ڕێبەریی کۆمەڵە، بۆ هەموو ئازادیخوازان و یەکسانیخوازان لە سەرتاسەری ئێرانیش هەڵگری دوو پەیام بوو. یەکەم ئەوەیکە بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوزانەی سەرتاسەری ئێران دەتوانێ پشت بە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە و بەهێزی کوردستان ببەستێت و بۆ بەهرەمەندبوون لەم پشتیوانە قایمە، دەبێ بەهێزتری بکات. دووهەم ئەوەیکە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی سەرتاسەری بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی جیا نییە و ئەم بزووتنەوەیە بۆ گەیشتن بە خواستەکانی پێویستی بە حمایەت و پشتیوانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرتاسەری ئێران هەیە.

مانگرتنی گشتی کوردستان وەک ڕووداوێکی سیاسی مێژوویی، نەک هەر وەبیرهێنەرەوەی خاڵی وەرچەرخانی مێژوویی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان بۆ نەسلی شۆڕشی ٥٧ی هەتاوی بوو و ڕووداوە مێژووییەکانی کۆچی مەریوان، کۆبوونەوەی بەرین و یەک مانگەی شاری سنە و شەڕی ٢٤ ڕۆژەی ئەمشارەیان وەبیردێنێتەوە، بەڵکوو قوتابخانەیەکی فێرکاری بوو بۆ ئەوەی گەنجی بەسۆز بۆ پراکتیزەکردنی خۆدەربڕین و نیشاندانی هێزی ڕێکخراو. بۆ ئەوەی خۆیان بۆ خەباتی داهاتوو ڕێکخراوتر و ئامادەتر بکەن. مانگرتنی سەرکەوتووانەی کوردستان، جگە لە پەیام و دەستکەوتە بەنرخەکانی، مۆدێلێکی کاریگەری لە خەبات دژ بە سیاسەتە تاوانکارییەکانی کۆماری ئیسلامی دەستەبەر کرد، کە ئەگەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ڕادیکاڵەکان بەکاری بهێنن و بە کەڵک وەرگرتن لەم فۆرمەی خەبات تێکۆشانەکانیان پێش بخەن، سەرکەوتنی بەنرخ بەدەست دێنن. مۆدێلی مانگرتنی سیاسی گشتی و سەرتاسەری پێویستە بچێتە ناو کارگە و ناوەندە سەرەکییەکانی کار و بەرهەمهێنان، بۆ خوێندنگە و زانکۆ و ناوەندە خزمەتگوزارییەکان.

یەکڕیزی و یەکپارچەیی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان و مانگرتنە سیاسییە سەرتاسەریەکەیان، جگە لەو پەیامانەی کە بۆ جەماوەری ئازادیخواز و یەکسانیخواز هەیبوو، بۆ بەکرێگیراوانی مەحەلیش کە سەرشۆڕانەترین ژیانیان هەڵبژاردووە، هەڵگری هۆشدارێکی جیددی بوو! هۆشدارەکە ئەوەیە کە ڕێگای ژیانی شەرافەتمەندانە نەبەستراوە و بەقازانجیانە دەست لە بەکرێگیراوی هەڵگرن و چارەنووسی خۆیان بە چارەنووسی ڕژێمێکی جەنایەتکارەوە گرێ نەدەن کە خەڵک بڕیاری ڕووخاندنیان داوە. تا درەنگ نەبووە دەست لە وەردکەخۆری و سەرشۆڕی هەڵگرن و ڕێگای ژیانی سەربەرزانە هەڵبژێرن.

مانگرتنی گشتی ٢٣ی مانگی گوڵان بە بانگەوازی کۆمەڵە، هەڵگری ئەم پەیامەش بوو کە ڕەوتی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی و باوەڕی ئەوان کە بەشێوەی بنەڕەتی بیر لە ماف و ئازادی و یەکسانی ئینسان دکەنەوە و لێبڕاوانە بۆ وەدیهاتنی خەبات دەکەن، دەتوانێ بەرینترین جەماوەری بێبەشی کۆمەڵگا بێننە مەیدان و وەحەرەکەتی بخات. ئەم پەیامە بەڕوونی ئەوەمان پێ دەڵێ کە بۆ کۆرتکردنەوەی دەستی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی لە گیانی کەسانێک کە بە تاوانی عەقیدە و بیروباوەڕیان لە زیندانەکاندا ڕاگیراون، دەبێ ڕێکخراو و یەکگرتوو بێینە مەیدان. دەور و نەخشی ڕێبەری و کاریگەری ڕەوتی کۆمۆنیستی لەسەر ئەم مانگرتنە چەند ملیۆنییە لە کوردستان، لە هەمان حاڵدا وەبیرهێنەرەوەی ئەم بابەتەش بوو کە وەهەم و خۆشباوەڕی دروستکردنی ڕەوتە ناسیۆنالیستەکان لەئاست شەپۆلی سەوزی ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی لە کوردستان کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە. ئەم مانگرتنە بیری هێنایەوە کە چون بەشداری بەربڵاو و بەهێزی ئاراستەی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی دەتوانێ وەهمی ناسیۆنالیستەکان لەئاست ڕیفۆرمخوازانی حکوومەت بەئامانجی بەلاڕێدابردنی خەباتی خەڵکی وەگیانهاتوو، پووچەڵ بکاتەوە.

وەڵامی ئەرێنی خەڵک بە بانگەوازی کۆمەڵە، کە پشتیوانی لایەن و ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکانی لێکەوتەوە، نیشانی دا کە: جەماوەری خەڵکی ئازادیخواز متمانەی قووڵیان بە کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکان هەیە، و ئامادەن لە بانگەوازیان پێشوازی بکەن و ڕێنوێنییەکانیان جێبەجێ بکەن.

لێدوان و سەرەنج و بۆچوونی خەڵک نیشانی دا کە هاوکاری و نزیکی ڕەوتە چەپ و سۆسیالیستەکان و کردەوەی هاوبەشی ئەوان چەندە جێگەی دڵگەرمی خەڵک بووە و چەندە لەسەر بڕیاری لێبڕاوانەیان بۆ هاتنە مەیدان کاریگەری بووە.

لە ٤٤مین ساڵڕۆژی مانگرتنی سیاسیی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان لە ٢٣ی مانگی گوڵانی ١٣٨٩ی هەتاوی دژبە ئێعدامی جەنایەتکارانەی فەرزادی کەمانگەر و هاوڕێیانی، یادی ئەوان و سەرجەم گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و یەکسانی بەرز ڕادەگرین.

***

## بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئەمریکا دژی جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل

### «پێویستە ئەمریکا بۆ چینی کرێکار بگەڕێنینەوە»

ناڕەزایەتی خوێندکاران لە دەیان زانکۆی ئەمریکا دژی جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە کە گیانی زیاتر لە ٣٤ هەزار فەلەستینیی ئەستاندووە، ٨٠%ی دانیشتووانی ئاوارە کردووە و سەدان هەزار کەسی بەرەوڕووی قاتی و برسیەتی کردووەتەوە، کەوتووەتە بەر هێرشی هێزەکانی پۆلیسەوە. هەتا ئێستا سەدان خوێندکار بە بیانووی بێنەمای وەک "دژەیەهوودی" دەستبەسەر کراون. ئەوەش لە کاتێکدایە کە ناڕازییان و ڕەخنەگران لەو باوەڕەدان کە ئەم تۆمەتانە بۆ بێدەنگ کردنی خوێندکارانی ناڕازی لەئاست کۆمەڵکوژی غەززەیە و زۆرێک لە بەشداربووانی ئەم ناڕەزایەتییانە خۆیان یەهوودین و بۆ نموونە ئەندامی



ڕێکخراوی "دەنگی یەهوودییەکان بۆ ئاشتی"ن. خوێندکاران لەسەر ئەوە پێداگری دەکەن کە ئەمە بزووتنەوەیەکی ئاشتیخوازانەیە بەئامانجی بەرگری لە مافی خەڵکی فەلەستین و ناڕەزایەتی دژبە شەڕە. هەروەها ئەو خوێندکارانەی تا ئێستا دادگایی کراون بەهۆی نەبوونی هیچ بەڵگەیەک لەسەر دژە یەهوودیبوونیان لەلایەن دادگاوە بێتاوان دەرچوون و ئازادکراون. لە کاتێکدا کە خۆپیشاندانەکان لەلایەن خوێندکارانەوە ڕێکدەخرێن و سەرپەرشتی دەکرێن، لە زۆر حاڵەتدا مامۆستایانی زانکۆش بە خۆپیشاندانەکان پەیوەست بوون بۆ ئەوەی پاڵپشتی خۆیان بۆ خوێندکاران نیشان بدەن و تووڕەیی و بێزاری خۆیان لەدژی هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی ئەم زانکۆیانە لەگەڵ پرۆژە نیزامییەکان بۆ نموونە بەدەستهێنانی سوود لەڕێگەی دروستکردنی چەک بۆ ئیسرائیل ڕاگەیەنن.

خۆپیشاندان و مانگرتنی خوێندکاران دژی جیۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل پشتیوانی زۆرێک لە کرێکاران و بیروڕای گشتی لێکەوتووەتەوە و ئەم پشتیوانییە سنوورەکانی ئەمریکای تێپەڕاندووە و گەیشتووەتە وڵاتانی کانەدا و فەرانسە و ئیتالیا و ئاڵمان و وڵاتانی دیکەی ئورووپا. کرێکارێک کە لە ناڕەزایەتییەکانی یەکشەممە ٢٨ی ئاپریلدا بەشداربوو وتی: "ئێمە دەبێ لە خوێندکاران پشتیوانی بکەین. ناردنی هێزی نیزامی بۆ سەرکوت و دەستگیرکردنی ناڕازییان بێهوودەیە. ئەمە دووپات بوونەوەی مێژووە لە کاتی لەئارادابوونی هەموو شەڕەکاندا. دەبێ خەڵک لەوە تێبگەیەنین کە ئێمە شەڕمان بۆ تەحەمول ناکرێ و دەبێ کۆمەڵکوژی ڕابگیرێت." ئەو لە درێژەدا وتی: "خەباتی خەڵکی فەلەستین خەباتی هەموو خەڵکێکی ستەملێکراوە. کاتێک وشیارانە یەک بگرین دەتوانین بە سەرکەوتن بگەین". خوێندکارێکی زانکۆی شیکاگۆش وتی: "من هاتوومە ئێرە چونکە منداڵانی فەلەستینی دەکوژرێن و دەوڵەتی ئەمریکا ڕێگە دەدات ئەمە ڕووبدات.

ئەوان لە کوشتنی خەڵکی فەلەستیندا لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل هاودەستن و ئەمە بۆ ئێمە قەبووڵ ناکرێ. ئێمە دەبێ بەر بەم بێعەداڵەتییە بگرین. ئێمە دەبێ ئەمریکا بۆ چینی کرێکار بگەڕێنینەوە. واتە ٩٠%ی ئەو ئینسانانەی کار دەکەن و ماڵیات دەدەن. دەبێ ئەمریکا لە چنگ دەوڵەمەندەکان دەربێنین. ئێمە دەبێ بەر بەم بێعەداڵەتییە بگرین. ئەمە ماشێنێکی شەڕە. دەستەیەک شەڕخواز بە ملیاردها دۆلارەوە لە کوشتنی خەڵک قازانجیان پێدەگات. دەبێ بەری پێبگرین. چینی کرێکاری ئەمریکا بۆ کڕینی خۆراک ڕووبەڕووی کێشە و قەیران بووەتەوە. بەڵام ئەوان لە دەرەوەی وڵات خەڵک دەکوژن و قاتی و برسیەتی پەرەپێدەدەن"

چینی دەسەڵاتدار لەوانە بایدن هەروەک چاوەڕوان دەکرا بە "دژەیەهوودی" پێناسەکردنی ئەم ناڕەزایەتییانە لە زانکۆکان، و بە ئیدیعای "پەرەسەندنی لات و چەقۆکێشی دژەیەهوود و لایەنگری تیرۆریزم لە زانکۆکان" هەوڵیان دا ئەم ناڕەزایەتییانە خامۆش بکەن. ترامپی فاشیست ستایشی هێرشی هێزەکانی پۆلیسی کرد. ئەوان ئەم خۆپیشاندانانە نە تەنها وەک هەڕەشەیەک دەبینن بۆ پیشتیوانی خۆیان لە دەوڵەتی ئیسرائیل، بەڵکوو بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتی جەنگی خۆیان لەئاستی جیهانیش وەک هەڕەشە چاوی لێدەکەن. هەموو دەزگای دەسەڵات و میدیاکانیان نەک هەر لە ئەمریکا بەڵکوو لە کانەدا و ئورووپا بە بەکارهێنانی تاکتیکە هەمیشەییەکانیان هیوادار بوون کە لەڕێگەی تۆمەتبارکردنی خوێندکاران و باقی ناڕازییان بە "دژی یەهوودی بوون"، لای خەڵک وای نیشان بدەن کە ئەم ناڕەزایەتییانە بە ئامانجی پەرەپێدانی هەستی دژەیەهوودی و هێرش بۆسەر یەهوودییەکان ڕێکخراوە. بەڵام سەرەڕای هەموو هەوڵەکانیان ئەم ناڕەزایەتییانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر گەشە دەکات. ئەم تۆمەتانە لە کاتێکدایە کە خوێندکاران بە باوەڕی جۆراوجۆرەوە، لەوانە خوێندکارانی یەهوودی و غەیری مەزهەبی، لە خۆپیشاندانەکاندا بەشدارن و هەر هەموویان داوا لە بەڕێوەبەرایەتی زانکۆکان دەکەن کە لە هاوکاریکردنی ئەو شیرکەتانەی لە کۆمەڵکوژی غەززەدا بەشدارن خۆ بەدوور بگرن. ناڕەزایەتی خوێندکاران و سەرکوتگەرییەکانی پۆلیس لە دۆخێکدا درێژەی هەیە کە مەجلیسی نوێنەرانی چینی دەسەڵاتدار لە ئەمریکا هەفتەی ڕابردوو کۆمەکی نیزامی ٩٥ ملیارد دۆلاری لەوانە ٦١ ملیارد



دۆلاری دیکەی بۆ درێژەی شەڕ لە ئۆکراین و ٢٦ ملیارد دۆلاری بۆ درێژەی جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە پەسندکرد.

لێدانی تۆمەتی "دژەیەهوودی" لە هەر کەسێک کە دژی کۆمەڵکوژی دەوڵەتی ئیسرائیلە، لەڕاستیدا شتێک نییە بێجگەلە بە تاوان پێناسەکردنی هەرجۆرە دژایەتییەک لەگەڵ سیاسەتی شەڕخوازانە و ئیمپریالیستی نیزامی سەرمایەداری. ئەم تۆمەت لێدان و چەواشەکارییە تەنها خوێندکاران و دژبەرانی کۆمەڵکوژی غەززەی نەکردووەتە ئامانج. بەڵکوو ئامانجی ڕێگری لە پەرەسەندنی بزووتنەوەی دژی شەڕ و ناڕەزایەتی کرێکاری و جەماوەرییە بەرامبەر بە سەرمایەداری چ لەئاستی زانکۆ و چ لەئاستی کارخانە و کۆمەڵگەدا. چینی دەسەڵاتدار دەزانێ کە ئەم ناڕەزایەتییانە قۆناغە سەرەتاییەکانی بزووتنەوەیەکی یەکجار گەورەترە دژبە شەڕ و ئاکامەکانی بۆ چینی کرێکار. هەربۆیە لە پەیوەندیدانی بە بزووتنەوەی کرێکاری دەترسێ و هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی سەرکوتی بکات و دایمرکێنێت. حکوومەتی ئەمریکا هێشتا شەڕی ڤێتنام و ناڕەزایەتی خوێندکاران و بزووتنەوەکانی مانگرتنی کرێکاری ئەو سەردەمەی لەبیرە. لەو ڕۆژانەدا هاوکات لەگەڵ گەورەترین بزووتنەوەکانی مانگرتن لە ئەمریکا بۆ نموونە

لەلایەن کرێکارانی پۆست و ئۆتۆمبێلەوە، کۆمەڵگا شایەدی بزووتنەوەیەکی بەهێزی خوێندکاری بوو لەدژی شەڕی ڤێتنام و ئاراستەی سۆسیالیستی ئەم بزووتنەوانە. چینی دەسەڵاتدار بۆ سەرکوتی ئەم بزووتنەوانە و بۆ ڕێگری لە پەیوەندیان، دەستی دایە ئەو تاوانەی کە بە "کۆشتاری ئەیالەتی کێنت" ناسراوە. لەم کوشتارەدا لە ڕێکەوتی ٤ی مەی ١٩٧٠، بەهۆی هێرشی گاردی نەتەوەیی ژێر فەرمانی دەوڵەتی نیکسۆن و سەرکوتی نارەزایەتی خوێندکاران، چوار خوێندکاری زانکۆی دەوڵەتی کێنت گیانیان لەدەستدا و دەیان خوێندکاری دیکەش برینداربوون.

هێرش بۆسەر خوێندکارانی ناڕازی لە زانکۆکانی ئەمریکا و دەستبەسەرکردن و تۆمەتبارکردنیان بە دژەیەهوودی، لەلایەکەوە هەوڵێکە بۆ ڕێگری لە پەیوەنددرانی بزووتنەوەی دژی شەڕ و بزووتنەوەی خوێندکاری و کرێکاری لەگەڵ یەکتر و لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵێکە بۆ خنکاندنی ئازادی ڕادەربڕین لە کۆمەڵگەدا. چونکە ئازادی ڕادەربڕین و دژایەتی لەگەڵ سیاسەتی ئیمپریالیستی و شەڕخوازی دەوڵەتەکان، هەڕەشەیە بۆ شەڕنانەوە و نیزامیگەری ئەوان لەئاستی جیهاندا. هێرشکردنە سەر خوێندکاران و مافە دیموکراتیکەکانی خەڵک، هێرشکردنە سەر هەموو چینی کرێکارە، بۆیە ئەرکی ئەم چینەیە پشتیوانی لە خوێندکاران و هەر بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانە لە کۆمەڵگادا بکات. بۆ ڕێگریکردن لە کۆمەڵکوژی خەڵکی فەلەستین و بۆ کۆتایی هێنان بە هێرشی دەوڵەتەکان بۆسەر دەستکەوت و بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕیماڵوێرانکەری سەرمایەداری، پێویستە خەبات لە چوارچێوەی زانکۆکان بێتە دەر و بە بزووتنەوەی کرێکار و بە خەباتی شۆڕشگێڕانەیان لە کارخانە و ناوەندە سەنعەتییەکانەوە گرێ بدرێ. چونکە چینی کرێکار بەپێی پێگەیەک کە لە نیزامی سەرمایەداریدا هەیەتی، بەرژەوەندی چینایەتییەکەی لەگەڵ بەرژەوەند و قازانجی سەرمایەداران و شەڕخوازان ناتەبایە و باشتر لە هەر هێزێک دەتوانێ لە بەرژەوەندی توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا و لە مافە دیموکراتیکەکان و لە دەستکەوتەکانی کۆمەڵگا بەرگری بکات. شەڕی نێوان زلهێزەکانی جیهان لە ئۆکراین و غەززە و سوودان و بەشەکانی دیکەی جیهان بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندی ئەو حکوومەتانە لە هێرشکردنە سەر سفرەی کرێکاران و ئاستی ژیان و ئازادییەکانیان لە ناوەوە. خەباتی کرێکاران و خوێندکاران و توێژە چەوساوەکانی تری کۆمەڵگاش لەدژی کۆمەڵکوژی لە غەززە و لەدژی شەڕ و شەڕخوازان بە خەباتی ئەوان لەپێناو دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئازاد و بەرابەر و ئینسانی گرێ دراوە. یان هەروەک خوێندکارێکی ناڕازی وتی: "ئەوە کرێکارانن کە کوڕان و کچانیان لەم شەڕانەدا دەمرن، چ لە ڕۆژهەڵاتی ناڕاست، چ لە ئۆکراین و چ لە هەر شوێنێکی تر."

***

# پەرەسەندنی قاتی و برسیەتی لە کەرتی غەززە بە بێ ئاسۆی ئاشتی

لە کاتێکدا نزیکەی حەوت مانگ بەسەر جینۆساید و شەڕی وێرانکەری حکوومەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل لە کەرتی غەززە، و کوشتنی زیاتر لە ٣٤ هەزار کەس تێدەپەڕێت کە برسیەتی سەرتاسەری باکووری ئەم کەرتەی داگرتووە و ئەم کارەساتەش بەرەو باشوور پەرەدەستێنێت. ئەم بارودۆخە کارەساتبارە لە حاڵێکدا لەئارادایە کە وتووێژی نێوان هەیئەتەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل و ڕێکخراوی کۆنەپەرستی حەماس بە نێوبژی قەتەر، ئەمریکا و میسر لە قاهیرە لەسەر ئاگربەستی چل ڕۆژە و ئازادکردنی بەدیلگیراوان لەئارادایە بەڵام هەتا ئێستا هیچ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ کۆتایی یەکجاری ئەم کۆمەڵکوژییە نابیندرێت.



ئەمڕۆ لە کاتێکدا کە دەوڵەتانی ئەمریکا، و هاوپەیمانانی ئورووپایی لە ناتۆ بە پشتیوانی لە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی نەتانیاهۆ، دەستی ئەویان بۆ تاوانی شەڕ و داسەپاندنی نەهامەت و برسیەتی بەسەر خەڵکی غەززە ئاواڵە هێشتووەتەوە، لەناوەوەی سنوورەکانی خۆیان لەگەڵ شەپۆلێک لە تووڕەیی و ناڕەزایەتی ڕووبەڕوو بوونەتەوە. بزووتنەوەی جەماوەری بۆ پشتیوانی و دیفاع لە ئازادی فەلەستین بە خواستی کۆتایی دەستبەجێی شەڕ، ڕاگرتنی دەستبەجێ بۆمباران و ناردنی دەستبەجێی یارمەتی مرۆیی بۆ کەرتی غەززە درێژەی هەیە. لە ئەمریکا لە ١٨ی ئاپریلەوە، زیاتر لە هەزار خوێندکار و ئەندامی هەیئەتی زانستی، لە جەریانی ناڕەزایەتییەکان بەدژی جینۆسایدی حکوومەتی ئیسرائیل لە زانکۆکانی ئەم وڵاتە دەستگیرکراون. لە ٣٠ی ئاپریلدا پۆلیس هێرشی کردە سەر کەمپی خوێندکارانی دژی شەڕ لە کۆلۆمبیا و سیتی کاڵێجی نیۆیۆرک و نزیک بە ٣٠٠ کەسی ناڕازی دەستبەسەرکرد. زۆر دیمەن لە هێرشی وەحشیانەی هێزەکانی پۆلیس بۆسەر خوێندکارانی ناڕازی و توندوتیژی بەرامبەریان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوکراوەتەوە. سەرەڕای سەرکوتی بەرینی پۆلیس و شەپۆلی دەستگیرییەکان، خوێندکارانی ناڕازی کەمپی تازەیان بە نیشانەی هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی فەلەستین لە غەززە و لە ناڕەزایەتی بەدژی جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل بەرپا کردووە. خوێندکارانی ناڕازی خوازیاری ئەوەن کە بەڕێوەبەرایەتی زانکۆکان هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل و پڕۆژە نیزامییەکان بۆ بەدەستهێنانی سوود ڕابگرن. لەماوەی شەوانی ڕابردوو گرووپێک لە فالانژیستەکانی لایەنگری دەوڵەتی ئیسرائیل لە زانکۆی کالیفۆڕنیا، لۆسانجلس هێرشیان کردە سەر کەمپەکانی خوێندکاران، بۆمبی ئاگرزایان هاویشتە ناو کەمپەکانیان و بەشێوەیەکی دڕندانە خوێندکارانیان ئەشکەنجە و ئازار دا، بەڵام هێزە ئەمنییەکان و پۆلیس بۆ ماوەی سەعات و نیوێک هیچ کاردانەوەیەکیان نیشان نەدا. هەتا ئێستا چەند سەندیکای کرێکاری لەوانە کرێکارانی یەکگرتووی ئۆتۆمبێل، کرێکارانی یەکگرتووی ئێلێکتریکاڵ، ڕادیۆ و ماشێن ئالاتی ئەمریکا و یەکیەتی کرێکارانی پۆستی ئەمریکا کە خوازیاری ئاگربەست و کۆتایی شەڕ دژبە خەڵکی فەلەستین لە غەززەن، لە ناڕەزایەتییەکانی خوێندکاران پشتوانییان کردووە. ئەم هەوڵانە نیشانی دەدەن کە بەشێک لە بزووتنەوەی کرێکاری ئەمریکا زەرووڕەتی سیاسی هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی فەلەستینیان دەرک کردووە. بەڵام چەکی بەهێزی بزووتنەوەی کرێکاری مانگرتنە و کرێکاران بە هێزی مانگرتنی خۆیان دەتوانن دەوڵەتی بایدن بۆ کۆتایی هێنان بە نەسلکوژی لە غەززە بخەنە ژێر گوشارەوە و هێزێکی تازە بە بزووتنەوەی هاوپشتیی خوێندکاران لە خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستین ببەخشن.

شەپۆلی جینۆسایدی ئەم دواییانەی حکوومەتی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی فەلەستین و ڕەهەندە کارەساتبارەکانی لە قۆناغێکی نوێدا کەوتووەتە ڕێ. لە قۆناغێکدا کە ڕۆڵی سەرکردایەتی ئەمریکا لەئاستی جیهان و لە ئەنجامدا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لاواز بووە و هێشتا جیهانی فرە جەمسەری سەقامگیر نەبووە. لەڕاستیدا لە ماوەی دوو سێ دەیەی ڕابردوودا بارودۆخی جیهان و پەیوەندی زلهێزەکانی سەرمایەداری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە. دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و داڕمانی وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵات کە هاوکات بوو لەگەڵ لاوازبوونی دەسەڵاتی ئابووری ئەمریکا لە ڕەئسی بلۆکی سەرکەوتوو، ئەمریکا، کە چیتر نەیدەتوانی پشت بە دەسەڵاتی ئابووری باڵای خۆی ببەستێت بۆ پاراستنی هێژمۆنی خۆی بەسەر جیهاندا، هەوڵیدا پشت بە هێزی سەربازی و میلیتاریزم ببەستێت بۆ دەستەبەرکردنی سەرکردایەتی خۆی بەسەر جیهاندا. شەڕی کەنداو، لەشکرکێشی بۆ سەر ئەفغانستان و عێراق، دەستێوەردانی سەربازی لە لیبی و سووریە، بوارە جۆراوجۆرەکانی ئەم قودرەت نمایە نیزامییە بوون. ئەمریکا لە هەموو ئەم شەڕانەدا دۆڕا. جگە لەم شکستانە، ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ نموونە لە میسر و توونێس و وڵاتانی تر نیشانی دا کە دەوڵەتی ئەمریکا ناتوانێ بە پشت بەستن بە باڵادەست بوونی لەبواری نیزامییەوە هیچکام لە

حکوومەتە دیکتاتۆرییەکانی هاوپەیمانی خۆی لەم ناوچەیە لە مەترسی ڕووخان دەرباز بکات. ئەم زنجیرە ئاڵوگۆڕانەش زیاتر لە ڕابردوو ڕۆڵی هێژمۆنیکی ئەمریکایان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بردە ژێر پرسیارەوە. لەگەڵ لاوازبوونی هێژمۆنی دەوڵەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هاوپەیمانانی سوننەتی ئەمریکا بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو سەربەخۆییەکی زیاتر لە خۆیان نیشان دەدەن. لەم قۆناغە گوزارەدا، بەلەبەرچاوگرتنی لاوازبوونی پێگەی ڕێبەری ئەمریکا لەئاستی جیهان و ناوچەکە، دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل تەنها



هاوپەیمانی ستراتێژیک و متمانەپێکراوی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شەپۆلێکی تازەی لە کۆمەڵکوژی لە غەززە دەسپێکردووە. ئەگەرچی ئەمریکا و هاوپەیمانانی ئورووپایی لە ناتۆ درێژە و پەرەسەندنی ئەم شەڕە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەڕاستای بەرژەوەندی خۆیاندا نابینن، بەڵام بەکردەوە لە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی دەوڵەتی دەستی ڕاستی نەتانیاهۆ پەیڕەوی دەکەن و لەم جینۆسایدە ئاشکرایەدا هاودەست و هاوبەشن.

لەم بارودۆخەدا بزووتنەوەی هاوپشتی جیهانی لەگەڵ خەڵکی فەلەستین و دژی جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل و بەتایبەت بزووتنەوەی ڕادیکاڵی خوێندکاری لە ئەمریکا و تەشەنەکردنی بۆ هێندێک لە وڵاتانی جیهان، پشتیوانی ژمارەیەک لە سەندیکا کرێکارییەکان لەم بزووتنەوەیە، هاوسەنگی هێزی بە قازانجی خەباتی مافخوازانە و ئازادیبەخشی کرێکاران و نەتەوەی ستەمدیدەی فەلەستین و دەورلێدانەوەی هێژمۆنی نیزامی دەوڵەتی ئیسرائیلی خستووەتە ئاسۆوە. کرێکاران و خەڵکی ستەملێکراوی فەلەستین بۆ تێپەڕین لەم بارودۆخە کارەساتبارە ڕێگایەکیان بێجگەلە یەکگرتوویی و هاوپشتی لەگەڵ کرێکاران و هێزە ئازادیخوازەکان و ڕەوتە پێشڕەوەکان لە ئیسرائیل و پەرەپێدانی پشتیوانی لە هێزە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان لەسەر ئاستی جیهان، لەپێناوی خەبات دژبە ڕژیمی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل و پەراوێزخستنی ڕەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان لەپێش نییە.

***

# مەسیری ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی

ئەمڕۆ لە ئێران تەنانەت شرۆڤەکارانی حکوومەتیش ناتوانن حاشا لە بوونی بزووتنەوەیەکی چەپی کۆمەڵایەتی بەهێز بکەن. ڕەوتی چەپ لە بزووتنەوە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان و لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراندا خۆی نیشان داوە. چالاکان و ڕێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری کە ئاڵای داخوازی کرێکارانیان هەڵکردووە و لە ڕێکخستن و ڕێبەری ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاریدا دەورونەخش دەنوێنن، داهێنەری پێکهێنانی کۆمیتەی مانگرتن و بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی گشتی لە ناوەندە سەنعەتی و کرێکارییەکان و ئیدەی ڕێکخستنی شوڕایی دەبەنە ناو کرێکارانەوە، پێگەیەکی تایبەتیان لەم ڕیزبەندییەدا هەیە. ئەم چەپە کۆمەڵایەتییە ئەو بەشە لە چالاکانی بزووتنەوەی ژنان لەخۆدەگرێت کە لە بەرامبەر فێمینیسمی کۆنەپەرستی ئیسلامی و فێمینیسمی نیولیبراڵدا ئاڵای ڕزگاری ژنانیان بە ئاسۆی دژەسەرمایەدارییەوە بەرز کردووەتەوە. ئەو ژنە خەباتکارانەی کە بە بەشداری خۆیان لە پێشەوەی خەباتی مامۆستایان، خانەنشینکراوان، خوێندکاران، پەرستاران و لەناو ڕیزی خەباتی کرێکاران و بە خۆڕاگریی بەرین لەبەرامبەر سیاسەت و یاسای دژە ژن، ئاسۆی ڕزگاری ژن لە ستەم و چەوسانەوەی سەرمایەدارییان بەرەوڕووی کۆمەڵگا کردووەتەوە. ئەم ڕەوتە چەپە کۆمەڵایەتییە، هەروەها ئاراستەی سۆسیالیستی ناو بزووتنەوەی خوێندکاری لەخۆدەگرێت کە بەرامبەربە ئاراستەی نیولیبرالی بورژوایی ئێران و ڕەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان، ئاڵای یەکگرتن لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوەکانی هەڵکردووە. ئەو خانەنشینانەی کە بە گەڵاڵەکردنی ڕادیکاڵی داخوازییە ڕەواکانیان یەکشەممە، دووشەممە و سێشەممەکانی ناڕەزایەتییان لە مێژووی خەباتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشدا تۆمار کردووە و لە شەقامەکان لەسەر گەیشتن بە داخوازییەکانیان پێداگری دەکەن. ئەو بەشە لە نووسەران، هەواڵنێران، مامۆستایانی زانکۆ، سینەماکاران و هونەرمەندان لەخۆدەگرێت کە بەرەنگاری کلتوور و سیاسەت و ئایدیۆلۆژیای چینی دەسەڵاتدار بوونەتەوە و لە بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان دیفاعیان کردووە. ئەم هێزە چەپە کۆمەڵایەتییە لە کوردستان ئاڵای خەبات و تەسلیم نەبوون بەرامبەر ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ کۆنەپەرستانی ناوچەیی و هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرانسەری ئێرانیان بەرز کردووەتەوە. ئەم هێزە چەپ و ڕادیکاڵە ڕۆڵێکی حاشاهەڵنەگری لە ڕێکخستنی ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری لە ساڵەکانی ڕابردوودا هەبووە. لە ئاخێزی جەماوەری مانگی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨دا مۆری خۆی بەسەر ئەم بزووتنەوە سیاسییانەدا کوتا. ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە دژی سەرمایەدارییە. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا سەرەڕای هەڵکشان و داکشانەکانی، بە دەورونەخش نواندنی هەر ئەم چەپە کۆمەڵایەتییە دەستپێکرد و هەروا لەئارادایە. ناوەڕۆکی خواست و داخوازی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم چەپە کۆمەڵایەتییە، درووشمی "نان، کار، ئازادی" پەیوەندی داوە.

لەلایەکی دیکەشەوە شایەدی چالاکی حیزب، ڕێکخراو و هێزەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێرانین. ئەگەرچی ڕەنگدانەوەی چالاکی ئەم هێزانە لەناو ئەم بزووتنەوەیە، دەتوانین لە بردنەسەرەوەی ئاستی وشیاری و شەفافبوونی خواستی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم چەپە کۆمەڵایەتییەدا



ببینین، بەڵام حیزب و ڕێکخراوەکانی ئێستا سەرەڕای هەموو پێشکەوتنەکانیان هێشتا لەئاستی کۆمەڵایەتیدا پەیوەندییەکی زیندوو و ئۆرگانیکیان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە نییە. بە واتایەکی تر هێشتا بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی ناڕەزایەتی لەئاستی کۆمەڵایەتییدا لەگەڵ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی موتەحەزیب و ڕێکخراو پێک نەگەیشتوون.

کەموکوڕییەکی جیدیی ئەم هێزە چەپە کۆمەڵایەتییە و ئەو ناڕەزایەتی و ئاخێزانەی کە بە هەوڵ و دەخاڵەتی ئەم هێزە لەئارادایە، ئەو واقعیەتەیە کە ئەم حەرەکەتانە هێشتا لە بزووتنەوەیەکی واحیدی سیاسی بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی و بۆ گۆڕینی وشیارانەی نیزامی سەرمایەداری تێکهەڵنەکێشراون. ئەم هێزە چەپە کۆمەڵایەتییە خاوەنی ڕێبەرییەکی سیاسی سەرانسەری نییە. هەربۆیە توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە هێشتا ئاڵتێرناتیڤێکی بەهێز لە مەیداندا نابینن کە بۆ ڕزگاری خۆیان پێی هیوادار بن. ئەگەرچی نەبوونی ئاڵتێرناتیڤێکی بەهێزی شۆڕشگێڕانە لە دەستپێکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستادا وەک کەموکوڕی نەدەبیندرا، بەڵام لەئێستادا و لەگەڵ تێپەڕینی زیاتر لە یەکساڵ و نیو لەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە ئەم کەموکوڕییە لە هەموو کاتێک زیاتر هەستی پێدەکرێت. جەماوەری بەرینی کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران نیگەرانن و وێنەیەکی ڕوونیان لەوە نییە کە بەدیلی ئەم بارودۆخە قەیراناوی و شڵەژاوە دەتوانێ چی بێت. ئەوە ڕاستە کە لە کێشمەکێشی ئاڵتێرناتیڤەکاندا، بەشە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوایی بەهۆکاری بێگانەبوونیان لەگەڵ خواستی ئابووری و ئازادیخوازانەی بزووتنەوەی ناڕەزایەتییەکان، بەهۆی نامۆبوونیان لەگەڵ

داخوازی نان، کار، ئازادی و دژایەتییان لەگەڵ بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی، نفووزێکی بەرچاویان لەناو جەماوەری ناڕازیدا نییە. بەڵام لە نەبوونی بەشداری بەهێزی چینی کرێکار لە مەیدانی سیاسی بە ئاسۆی شۆڕشگێرانە و سۆسیالیستی، لە نەبوونی ئاڵتێرناتیڤێکی سۆسیالیستی بەهێز، بەردەوام ئەو مەترسییە لەئارادایە کە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی ببێتە خۆراکی شەپۆلی تەبلیغاتی ناسیۆنالیستی و مەزنخوازانەی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی بورژوایی لایەنگری ڕۆژاوا و هێزیان بکەوێتە خزمەت مانەوەی نیزامی چینایەتی و بەدەسەڵات گەیشتنی دیکتاتۆرییەکی غەیرەدینی.



سەبارەت بە پرۆسەی ڕووخاندنی شۆڕشگێرانەی ڕژێمی ئیسلامی پێویستە تەئکید بکرێت کە لە بارودۆخی ئێستای ئێراندا درێژە و پەرەسەندنی ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری و تێکەڵ بوونی خواستی ئابووری و خواستی سیاسی و لەدرێژەدا بەڕێوەبردنی مانگرتنی گشتی سیاسی کە ماشێنی سەرکوتی ڕژێم زەمینگیر بکات، ڕەوتی چاوەڕوانکراوی پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی ئێستایە لەپێناو ڕووخاندنی ئەم دەسەڵاتە. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە مانگرتنی سەرانسەری کرێکاران کە ستوونی سەرەکی مانگرتنی گشتی سیاسییە، ناتوانێ ئاکامی حەرەکەتێکی خۆڕسک بێت. بۆ وڵامدانەوە بە پێداویستی ئەم بزووتنەوە چینایەتییە، لە بارودۆخی ئێستادا پێکهێنانی کۆمیتەی مانگرتن، دروستکردنی کۆمیتەی کارخانە و پێکهێنانی شورا کرێکارییەکان یەکجار گرینگە. ژنان کە ڕۆڵی پێشەنگیان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی ئێستادا بینیوە و بنەمای هەموو بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان بوون هێشتا بەشێکی چکۆلە لە هێزی خۆیان هێناوەتە مەیدانی نەبەردەوە. . پێویستە بە کاری وشیاریدەرانە و ڕێکخراو بەرەی مەزنی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش بێنە مەیدانی نەبەردەوە. ناوەند و ڕێکخراوەکانی خوێندکاری چەپ و ڕادیکاڵ کە لە زانکۆ جۆراوجۆرەکانی ئێراندا پێکهاتوون پێویستە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ بەدەنەی بزووتنەوەی خوێندکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بەهێز بکەن و بە ڕەخنەگرتن لە سیاسەت و ستراتێژی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست و لیبراڵیسمی بورژوایی ئێران ڕۆڵی ڕۆشنگەرانەی خۆیان بەجێ بێنن. تۆڕی لاوانی شۆڕشگێڕ لە گەڕەکی شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران پێویستە پەیوەند و پایەی جەماوەری خۆیان پەرە پێبدەن و بە دەرس وەرگرتن لە ئەزموونی ئاخێزی سەرانسەری مانگی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ و ئاخێزی شۆڕشگێرانەی ژینا لە بواری تاکتیکیشەوە شێوازی جەماوەریکردنەوەی ناڕەزایەتییەکانی شەقام فێربن. پێویستە فێری ئەوە بین کە چۆن تاکتیکەکانی هێزی سەرکوتی ڕژیم بۆ ڕێگری لە جەماوەری کردنەوەی ناڕەزایەتییەکان پووچەڵ بکەینەوە و فێربین کە چۆن ئەو تاکتیکانەی کە ئامانجیان زەربەلێدان لە جەماوەری بوونەوەی ناڕەزایەتییەکانە، دووری بکەین. ناڕەزایەتی شەقام بەشێکی جیانەکراو لە ئازادی ڕادەربڕین و مافی سەرەتایی خەڵکە و پێویستە هەر ئەم باوەڕە سادەیە لە ناو جەماوەری خەڵکدا پەرەی پێبدرێت و بەهێز بکرێت. بارودۆخی ئێستا لە هەموو نووسەران، هەواڵنێران، مامۆستایانی زانکۆ، سینەماکاران و هونەرمەندان کە بەرەنگاری کلتوور، سیاسەت و ئایدیۆلۆژیی چینی دەسەڵات بوونەتەوە و لە بەرژەوەند و خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان دیفاع دەکەن دەخوازێت کە ڕێکخراوتر لە ڕابردوو هەنگاو هەڵگرن. سازماندان کلیلی پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی ئێستا بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایەدارانە.

لە هەلومەرجی ئێستادا بزووتنەوەی ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاران و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە ئێستا دەرفەتێکی گونجاوی بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ڕێکخراو و موتەحەزیبی ئێران خوڵقاندووە تا بە گرینگی دان بەم بزووتنەوە واقعییە و بە هەوڵ و یارمەتی بۆ لابردنی کۆسپ و بەربەستەکان، بتوانن بەسەر ئەم جیاییەدا زاڵ بن و پێش مەرجەکانی پێکهێنانی ڕێبەرییەکی سیاسی سەرتاسەری بە ستراتێژی سۆسیالیستییەوە فەراهەم بکەن. وڵامدانەوەی هاوبەشی چالاکان و ڕێبەرانی ئەو هێزە چەپە کۆمەڵایەتییە و سۆسیالیستە موتەحەزبەکان بە کۆسپ و بەربەستەکانی سەر ڕێگای بزووتنەوەی کرێکاری و شۆڕشگێڕانەی ئێستا، کلیلی پێک-گەیشتنی ئەم دوو بەشە چەپە ڕادیکاڵ و سۆسیالیستییە.

***

## دیموکراسی پەرلەمانی یەکێک لە فۆرمەکانی دەوڵەتی بۆرژوایی

نیزامی پەرلەمانی کە شابەیتی سیستمی سیاسی دەسەڵاتی سەرمایەدارییە، سەرەڕای پێشکەوتووبوونی لە چاو ڕژێمە دیکتاتۆرەکان، لە نەهایەتدا شتێک نییە بێجگەلە ئامرازێک کە بە باشترین شێوە لەگەڵ بەرژەوەند و بارودۆخی ماددی و کۆمەڵایەتی و جیهانبینی و هەڵوێستی سیاسی بۆرژوائیدا دەگونجێت و وەک باقی دامەزراوەکانی بۆرژوازی، خزمەت بە پاراستنی سەروەری چینەکەی خۆی دەکات. قەبووڵکردنی مافی دەنگدانی گشتی و پەرەپێدانی بۆ مافی دەنگدانی ژنان لە سەرەتای سەدەی بیستەم، کە خۆی بەر لە هەموو شتێک بەرهەمی بزووتنەوەی کرێکاری و خەباتی سۆسیالیستی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست بوو، ئەگەرچی پێشکەوتنێکی گەورە بوو لەبواری بەدەستهێنانی مافی مەدەنی بۆ کرێکاران و ژنان و خەڵکی ئاسایی و بەمانای ناچارکردنی بورژوازی بوو بۆ هاووڵاتی پێناسەکردنی چینی غەیرە مالک، بەڵام بەپێچەوانەی پێشبینی ڕیفۆرمیستەکان، نەبوو بەهۆی سەرهەڵدانی “دەوڵەتانی بێ لایەن” و فەتحکرانیان لەلایەن جەماوەری دەنگدەرەوە لەڕێگەی پرۆسەی پەرلەمان و نەشیدەتوانی ببێت. بەڵکوو لەنەهایەتدا دەسەڵاتی سەرمایەی خالستر و کامڵتر بەرقەرار کرد.

ئەگەرچی لە سەردەمی مارکسدا هێشتا مافی دەنگدانی



گشتی بەتەواوی لە کۆمەڵگاکانی ئەورووپا کە سەرچاوەی دیموکراسی پەرلەمانی ئەژمار دەکرێ قەبووڵ نەکرابوو بەڵام سەرەڕای ئەمە مارکس بەدروستی بەوە گەیشت کە تەنانەت ئەگەر مافی دەنگدانی گشتی و بەرابەریی ڕواڵەتی کەسەکان بەرامبەر بە یاسا بەڕێوەبچێت دیسان سەرمایەداران دەستی باڵایان دەبێت و دەوڵەت و سوڵتەی سەرمایەداران هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە.

مارکس لە ئیستدلالەکانیدا جەختی لەوە کردەوە کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا ئەگەر مرۆڤەکان لە ڕووی یاساییشەوە وەک یەک بن، لە واقعیەتدا وەک یەک نین. لە ڕاستیدا ئەوە پێگەی ئابووری مرۆڤەکانە کە ڕادەی کاریگەریی ڕاستەقینەی دەنگەکانیان دیاری دەکات و هەربۆیە تا ئەو کاتەی خەڵک لە ڕووی ئابوورییەوە نایەکسان بن، قسەکردن لەسەر یەکسانی یاساییان، خۆی پاساوێکە بۆ پەردەپۆشکردنی نایەکسانی ڕاستەقینەیان. مارکس بە هێنانەوەی نموونەی ڕۆشن پێگەی باڵادەستی چینی سەرمایەدار لە دیموکراسی بۆرژواییدا نیشان دەدات. بۆ نموونە مرۆڤ دەبێت شتێک لەبارەی فەنی قسەکردن لەبەردەم خەڵک بزانێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاسانی و بە ڕوونی لەبەردەم سەدان و هەزاران کەسدا قسەکانی بکات و دیفاعیان لێ بکات. تازە هەر ئەوەندەش بەس نییە. پێویستە بتوانێ لە هەموو پەیڕەوەکانی پەرلەمان و نووسینە یاساییە ئاڵۆزەکان تێبگات. بەهرەمەندبوون لەم تایبەتمەندییانە بۆ ماوەیەکی زۆر مافی تایبەتی سەرمایەداران بوو. ئەوان بوون کە هەر لە منداڵییەوە پەروەردەیەکی باش و کامڵیان بوو، پەروەردە کرابوون بۆ ئەوەی بوێرانە قسەکانی خۆیان لەبەردەم کەسانی تردا بڵێن. هەروەها پێگەی باڵای بنەماڵەکەیان زامنی ئەوە بوو کە پشت بەخۆیان ببەستن و

بەدەمار و چاونەترس بار بێن. بۆ ئەوەیکە تەنیا خوێندنی سەرەتایی ئیجباری و بەخۆڕایی بێت ساڵیانێکی زۆر وەخت پێویست بوو و تازە ئەوکاتیش جیاوازیی نێوان مەدرەسەی دەوڵەتی و سیستمی خسووسی پەروەردە و بارهێنان، زەوی تا ئاسمانی فاسلە بوو. ئەم جیاوازییە هەر ئێستاش تەنانەت لە پێشکەوتووترین وڵاتەکانیش دەبیندرێت.

لێرەدا سەرنج بدەنە نموونەیەکی تر، بۆ ئەوەیکە نوێنەری کرێکاران بۆ مەجلیس هەڵبژێردرێ پێویستە خۆی و بۆچوونەکانی بە کەسانی تر، لەوانە هاوڕێیانی کرێکاری لە حەوزەیەکی هەڵبژاردنی دیاریکراودا بناسێنێ. ئەمە پێویستی بە تەبلیغات و بە داهاتی گونجاو هەیە. ئاوا نییە کە بورژواکانیش بێدەنگ دانیشتبن، ئەوانیش لەوپەڕی فریوکاریدا داخوازییەکانیان وەک داخوازیی گشت خەڵک نیشان دەدەن. خۆیان بەمجۆرە دەردەخەن و هەر دەرفەتێکیان بۆ هەڵکەوێ



بۆ هاندانی هەستی خاوی مەزهەبی، نەتەوەیی، نەژادی و بۆ تەفرەقەنانەوە لەناو کرێکاران کەڵکی لێ وەردەگرن. سەرمایەداران بە ئیعتباری پێگەی ئابووری بانتریان، چاپەمەنی و ئامرازەکانی تری پەیوەندیی گشتی کە وەک هەموو شتێکی تر خۆیان هەیانە و یان لە ئیختیاری دەوڵەتەکەیاندایە، بەکاری دێنن. باشترین نووسەر و موبەلیغ دادەمەزرێنن تا بیروڕای گشتی بە مەیلی خۆیان دابڕێژن.

بەڵام با وای دابنێین کە لەگەڵ حاڵەتێکی ئیدێئال سەروکارمان هەیە. هەموو کرێکاران مافی دەنگدانیان هەیە. فەرز دەکەین لە بارودوخێکی دەگمەندا ئیمکاناتی تەبلیغی کرێکاران و سەرمایەداران یەکسانە. لە وەها حاڵەتێکدا هەروەک مارکس ئیستدلال دەکات لەگەڵ ڕۆڵی ئامرازی ئابووری کۆمەڵگای سەرمایەداری بۆ کۆنترۆڵکردنی پەرلەمان و پاراستنی ئۆتۆریتەی بەرەوڕوو دەبینەوە. یاساکانی ئابووری سەرمایەداری ئەو دیاردانەن کە هەر ئێستا خەریکن بەڕێوەدەچن. کەوابوو بە بوون یان نەبوونی پەرلەمان ئەوە یاسا ئابوورییەکانن کە بنەمای کۆمەڵگای سەرمایەداری پێکدێنن. مادام کە خاوەنداریەتیی تایبەت بەردەوامە و مادام کە پەیوەندی کاری کرێگرتە لەئاستی کۆمەڵگادا دەستنەخواردوو ماوەتەوە، پێگەی زاڵی سەرمایەدار و پێگەی ژێردەستی کرێکار لە کۆمەڵگادا هەروەک خۆی دەمێنێتەوە. ئەم پێگەیەی سەرمایەداران وای لێکردوون کە بتوانن بوارە سەرەکییەکانی ئابووری کۆمەڵگا بەدەستەوە بگرن. سەرمایەداران دەتوانن بەهۆی ئەم پێگەیانەوە توانای ئابووریيان بۆ پێشخستنی سیاسەتێکی دیاریکراو یان ڕێگری لە بەڕێوەچوونی سیاسەتێک بەکار بێنن. لە هەر حاڵێتێکدا هەڵبژاردن بەدەست چینی سەرمایەدارەوەیە و مادام کە یاساکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری مەشروع و دەستنەخواردوو دەمێننەوە، کارێکی بەرچاو لەدەست کرێکاران نایە. بوارە سەرەکییەکانی ئابووری کۆمەڵگا، بانکەکان، ناوەندەکانی بەرهەمهێنان، هێڵی گواستنەوە و پەیوەندی، مەزرا و ئەنبارەکانی خۆراک هەر هەموویان لە ئیختیار سەرمایەداراندان. ئەوان یان ڕاستەوخۆ یان شەخسی خاوەنی ئەم ئیمکاناتەن یان لەڕێگەی بانکەکانەوە لە خاوەندارییەکەیاندا هاوبەشن. کەوابوو پەرلەمان و کابینەی هەڵبژێردراو هەرچییەک بیانهەوێ با پەسندی بکەن. پەسندکراوەکانی ئەوان لە باشترین حاڵەتدا هێندێک بەربەست بۆ سەرمایەداران پێکدێنێت. بەڵام وەها کابینە و پەرلەمانێکیش دەبێتە دیلی بارمتەی ئابوورییەکانی ئەوان. مادام کە خاوەنداریەتی شەخسی سەرمایەدار بەسەر داراییەکەیدا پارێزراوە، چاوەڕوانییەک لەوە زیاتر نابێ هەبێت. ئایا ڕوون نییە کە بۆچی لە سیستەمی پەرلەمانیدا دەسەڵات و کاریگەری دەنگی سەرمایەدارێک زۆر زیاترە لە کاریگەری دەنگی کرێکارێک؟

ئەمڕۆ تەنانەت ئیدێئۆلۆگەکانی بورژوازیش ئەم ڕاستییە ئینکار ناکەن کە ڕۆڵی سەرمایەداران و بەتایبەت نەقش و کاریگەری ئینحسارات، سازمان و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی چینی سەرمایەدار بەسەر وەزارەتخانە و ناوەندە حکوومەتییەکان یەکجار زیاترە لە ڕۆڵ و کاریگەری پەرلەمان بەسەر ئەم ئۆرگانانە و بڕیارەکانیان. لە ئاڵمان ڕێکخراوەکانی خاوەنکاران بەهۆکاری پەیوەندێکی بەهێز کە لەگەڵ میدیا و ئەحزابی سەرەکی و لەم ڕێگەوە لەگەڵ دەوڵەت و دەزگای بەڕێوەبەری هەیانە، لەسەر پەرلەمان کاریگەری دادەنێن. لە ئینگلیس کاریگەری سازمان و گرووپە سەنعەتی و تجارییەکان لەسەر حیزبە سەرەکییەکان، دەوڵەت و کۆمیسیۆنەکانی پەرلەمان، کە تۆڕێکی بەرینیان لە پەیوەندی پێکهێناوە، لە کەس شاراوە نییە. لە ئەمریکا ئینحسارات و کۆمپانیا گەورەکانی سەنعەت بۆ نفووزیان لەناو وەزارەتخانەکان لەگەڵ یەک ڕەقابەت دەکەن. وەزیری بەرگری دەوڵەتی ئەمریکا لە بەرابەر کۆمپانیاکانی دروستکردنی فڕۆکە و چەک زیاتر هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات تا مەجلیس و سەرۆک کۆماری ئەم وڵاتە. ئەم ڕەواڵەتە لە هەموو وڵاتانی سەرمایەداری لە جەرەیاندایە. هەر بەم هۆکارە سادانەیە کە دەوڵەتەکان و پەرلەمانەکانی بورژوایی دەتوانن لەژێرناوی خەڵک و لەژێرناوی دیموکراسی، خوێناویترین شەڕەکان بخەنە ڕێ. هەر بەم هۆکارانەشە کە بزووتنەوەی مەزنی دژی کۆمەڵکوژی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە بە دروشمی ”بەناوی ئێمەوە لە جینۆساید پشتیوانی مەکەن“ نەیتوانی لە ڕێگەی پەرلەمانەوە خواست و داخوازییەکانی وەدی بێنێت. لە ئەمریکا و ئینگلیس و ئاڵمان و فەڕانسە و ... بزووتنەوەی دژی جینۆسایدی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل کاریگەری لەسەر بیروڕای گشتی داناوە بەڵام نەیتوانیوە لەپێناو ڕاگرتنی کۆمەڵکوژی خەڵکی فەلەستین بەر بە پشتیوانیماڵی و نیزامی و سیاسی لە دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی نەتانیاهۆ بگرێت. لە فەڕانسە مانگرتنی کرێکاری و جەماوەری دژبە یاسای بردنەسەری تەمەنی خانەنشینی و پشتیوانی زیاتر لە ٧٠% بیروڕای گشتی لەم ناڕەزایەتییانە نەیتوانی بەربە پەسندکردن و بەڕێوەبردنی ئەم یاسایە بگرێت.

باسمان لەو بەربەستانە کرد کە سەرمایەداران دەیخەنە سەر ڕێگای چوونی نوێنەری کرێکاران بۆ پەرلەمان و هەروەها ئاماژەمان کرد بەو کردەوانەی کە سەرمایەداران بەهۆکاری زاڵبوونیان بەسەر کۆمەڵگا دەتوانن ئەنجامی بدەن. نیزامی سەرمایەداری لە ئامرازگەلێک کە لە چوارچێوەی ئابووری بانترن وەک دوایین هەنگاو بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی بەکاریان دێنێت. چونکە لەوانەیە بوترێ ئەگەر مەسەلەی



خاوەنداریەتی لە پێشکەوتن ڕێگری دەکات ئەوکات پەرلەمان دەتوانێ هەڵیوەشێنێتەوە. ئەمە هەڵبەت قسەیەکە کە سۆسیال دیموکراتەکان نزیکەی سەد ساڵە دەیڵێنەوە و هیچکات تا بە ئەمڕۆ جێبەجێ نەبووە. بەڵام ئەگەر ئەم ئەزموونە مێژوويیە نادیدە بگرین. مەسەلەن بە حیسابی ڕێفۆرمیسمی ئەم ڕەوتانە دابنێین و فەرز بکەین پەرلەمان خاوەنداریەتی تایبەت هەڵوەشێنێتەوە، ئەوکات چی دەبێت؟

ئەمە سێهەمین و گرینگترین خاڵ سەبارەت بە مەسەلەی دەوڵەت و پەرلەمانە لە دیموکراسییە بۆرژواییەکاندا. پەرلەمان تەنها یەکێک لە ئامرازەکانی دەوڵەتی بۆرژواییە و ئەگەر کەسێک ئەمە نەبینێ خۆی و کەسانی تر بە قازانجی بۆرژوازی فریو دەدات. بۆرژوازی چینێک نییە کە بکرێ بەسادەیی بە ژمارەیەک کەسی دەوڵەمەند و خاوەن سەروەت پێناسە بکرێ. ئەم چینە بۆ پاراستنی پێگەی خۆی هاوکات لەگەڵ بەرهەمهێنانی ماددی، ئیدێئۆلۆگ و ئەحزابێک کە پێگەی نابەرابەری بۆ پاساو دەکەن، دین کە خەڵکیان بۆ ناوشیار و قانع دەکات، لە دەزگای دەوڵەتیش بەهرەمەندن. دەوڵەتی بۆرژوازی ئەو ناوەندەیە کە ئامرازی توندوتیژی و سەرکوت دەخاتە دەست چینی سەرمایەدارەوە. بۆرژوازی ئەوکات کە مەشروعیەتی یاسایی خۆی مەسەلەن بەخاتری بوونی پەرلەمانێک کە بەپێچەوانەی بەرژەوەندی بنەڕەتی هەڵسووکەوت دەکات، لە مەترسیدا دەبینێت، ئامرازێکی دەوڵەتیی دیکە بەکار دێنێ. بۆرژوازی خاوەنی ئەرتەش،

پۆلیسی نهێنی، بوروکراسی و دەزگای قەزاییشە. واتە ئەو ناوەندانەی کە بۆرژوازی ئەرکی پاراستنی نەزم و ئەمنیەتی کۆمەڵگای پێ سپاردوون و پلە و پایەیان هەڵبژێردراو نییە و ڕاستەوخۆ لەلایەن خودی چینی بۆرژواوە دیاری دەکرێن.

کەوابوو هەرکات دەنگی پەرلەمان درێژەی سوڵتەی بۆرژوازی بخاتە مەترسییەوە، هەرکات شەڕوکێشەی ناو پەرلەمان بەجۆرێک پەرەبستێنێ کە کۆمەڵگا تووشی قەیرانی سیاسی یان کۆمەڵایەتی بکات، ئەگەر هەرکات بۆشایی نێوان چینە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی بەگشتی دەسەڵاتی ئەم چینە لاواز بکات و بەستێن بۆ بزووتنەوەی جیددی کرێکاران ئامادە بکات، بۆرژوازی بۆ ڕێگری لەم مەترسییە ئامرازەکانی تری دەسەڵاتی دەوڵەتی بەکار دێنێت. لە زۆرێک لە وڵاتان مەقامێکی بان پەرلەمان بۆ ئەم بارودۆخە دیاریکراوە. شا، سەرۆککۆمار، ڕێبەر و هاوشێوەکانیان لەناکاو ئاستیان بۆ دادوەری نیهایی دادەبەزێ، لەمافی تایبەتیان کەڵک وەردەگرن و پەرلەمان هەڵدەوەشێننەوە. بەڵام ئەگەر وەزعەکە لەوەش خراپتر بوو و بەمانە چارەسەر نەکرا، ئەوکات بۆرژوازی بواری یاسایی وەلا دەنێت و دەزگای داسەپاندنی توندوتیژی و سەرکوت، واتە ئەرتەش و پۆلیس بەکار دێنێ و دەست دەداتە کودتا.

مێژووی سەدساڵی ڕابردوو پڕە لەو نموونانە کە نیشانی دەدات چۆن لە کاتی هەستیاردا بۆرژوازی ئەرتەش، پۆلیسی نهێنی، بوروکراسی، قازی، زیندان و جوخەی ئێعدام بەکار دەگرێت و ئەگەر ئەمانەش وڵامدەرەوە نەبوون ئەوکات لەڕێگەی لات و چەقۆکێش و گرووپە مافیاییەکان بەشێوەی غەیری پەرلەمانی و هەڵبەت نایاسایی بۆ بەدەستهێناوەی پێگەی لەدەستچووی دەکەوێتە کار. نموونەکانی لەماوەی سەدەی ڕابردوودا یەکجار زۆرن. ئەگەر لێرەدا لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین و ئاسیایی چاوپۆشی بکەین و تەنیا ئاماژە بکەین بە وڵاتانی ئەورووپایی کە سەرچاوەی دیموکراسیی پەرەلمانین، دەبینین کە لە ساڵانی دوای شەڕی جیهانیی یەکەم کە ئاخێزی جەماوەری خەڵک و خەباتی ڕێکخراوی کرێکاران دەسەڵاتی بۆرژوازیی خستبووە مەترسییەوە، بۆرژوازی هەموو ئامرازی توندوتیژی و سەرکوتی خۆی دژبە کرێکاران کە لە پەرلەمانیشدا نوێنەریان هەبوو بەکارهێنا.

لە ئیتالیا لە ساڵی ١٩٢٠ موسیلینی لەڕێگەی کودتاوە هاتە سەر کار و بیساتی زەبروزەنگ و سەرکوتی کرێکاران و سازمانە سینفی و سیاسییەکانی خستە ڕێ. لە ئاڵمان لە ساڵەکانی ١٩٢١ و ١٩٢٣ بۆرژوازی کرێکارانی دایە بەر گوللە و شۆرای هەڵبژێردراوی کرێکارانی هەڵوەشاندەوە. لە ئینگلیس لە ساڵی ١٩٣٦ بۆرژوازی ئەرتەشی خۆی هێنایە مەیدان تا مانگرتنی گشتیی کرێکاران تێکبشکێنێ. لە ئۆتریش لە ساڵی ١٩٢٨بۆرژوازی ڕاپەڕینێکی بەسەر کرێکاراندا سەپاند و هەزاران کرێکاری خەڵتانی خوێن کرد. لە ئەمریکا دوای دابەزینی بازاڕی بورس لە ساڵی ١٩٢٣، سەرمایەدارانی ئەمریکایی بۆ سەرکوتی کرێکاران کە خوازیاری پێکهێنانی یەکیەتییەکانیان بوون، بەڕەسمی لە باندە مافیاییەکان کەڵکیان وەرگرت.

لە ئێران هەر لە دەوروبەری ئەم ساڵانەدا دوو کودتا ڕوویدا. یەکیان کودتای ١٢٩٩ی هەتاوی کە ڕەزاخان هاتە سەر کار و مەجلیس بوو بە ئامرازێک بەدەستێوە و ئەوی تریش کودتای ١٣٣٢ بوو کە بوو بەهۆی ڕووخانی دەوڵەتی موسەدیق و هاتنەسەرکاری دووبارەی مەحەممەد ڕەزا شا.

لە ساڵەکانی دوای شەڕی جیهانیی دووهەم لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا بێجگەلە یونان ، ساڵەکانی ٦٠ی زایینی کودتایەک ڕووی نەداوە. ئەویش ئەساسەن بەو هۆکارە کە سوڵتەی بۆرژوازی هێستا ئەوەندە نەکەوتبووە مەترسییەوە کە بۆرژوازی بۆ پاراستنی پێگەی خۆی دەست بۆ ئەم شێوازانە بەرێ. بەڵام هەرجار کە بارودۆخەکە مەترسیدار بووە بۆرژوازیی ئەورووپا ئامادەبوونی خۆی بۆ ئەنجامدانی هەرجۆرە کردەوەیەکی بەپەلە نیشانداوە. بۆ نموونە ساڵی ١٩٥٧ لە فەڕانسە پرێزیدێنت "دێ گۆل" مەجلیسی فەڕانسەی بێ ئیختیار کرد و خوازیاری دانانی یاسای بنەڕەتیی نوێ بوو و لە ساڵی ١٩٦٨ ئامادەباش بە ئەرتەشی فەڕانسە درا تا لە ئەگەری پێویستدا تانکەکانیان بێننە سەر شەقام.

ئەوەی وترا لێدوانێکی کورت بوو سەبارەت بە ڕۆڵی دیموکراسی پەرلەمانی بۆ حکوومەتی سەرمایەداران. هەربۆیە وەک بینیمان حکومەتی بۆرژوازی شتێکی ئاڵۆزتر و بەرینترە لەوەی کە لە ئەدەبیاتی بۆرژوازیدا بە کابینەی هەڵبژێردراوی پەرلەمان ئاماژەی پێدەکرێ.

***

## چوونەسەری بێوێنەی ڕێژەی مەرگی کرێکاران بەهۆی نائەمنبوونی شوێنی کار

سەرۆکی گرووپی "لێکۆڵینەوەی دیمەنی تاوانی سازمانی پزیشکی قانوونی"، دوو حەفتە لەمەوبەر دانی بەوە دانا کە: "لە ساڵی ڕابردوو لە ئێران ٢ هەزار و ١١٥ کرێکار بەهۆی ڕووداوەکانی شوێنی کار گیانیان لەدەست داوە و ٢٧ هەزار کرێکاری دیکەش برینداربوون و ڕەوانەی ناوەندەکانی پزشکی قانوونی کراون". هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد، ڕێژەی مردنی کرێکاران لە شوێنی کار بە بەراورد بە ساڵی پێشوو بە ڕێژەی ١١٠٣% زیادیکردووە. سەرۆکی گرووپی پزیشکی قانوونی ڕوونیشیکردەوە کە: "بەسەرەنجدان بەوەیکە لە ساڵی ڕابردوو بەهۆی کەمبوونەوەی کاری بیناسازی زیاتر لە نیوەی کرێکارانی ئەم بوارە نیوەی ساڵ بێکار بوون، ڕێژەی چوونەسەری ڕووداوەکان لەچاو ساڵانی ڕابردوو زۆر لە ١١٠٣% زیاتر بووە. چونکە سەرەڕای ئەوەیکە ژمارەیەکی کەمتر لە کرێکاران لە چاو ساڵانی ڕابردوو چوونەسەر کار، بەڵام ژمارەی قوربانییان زیادی کردووە. بێگومان ئەگەر ئاماری گیانبەختکردنی کۆڵبەران لە کوردستان و سووختبەران لە سیستان و بەلووچستانیش بەحیساب بێنین، ڕێژەی چوونەسەری قوربانییانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامی سەرمایەداران زیاتریش دەبێت. و دەتوانین بڵێین کە ڕۆژانە بەشێوەی مامناوەند زیاتر لە ٧ کرێکار بەهۆی نەبوونی ئیمکاناتی ئیمەنیی شوێنی کار دەبنە قوربانی و بنەماڵەکانیان ناندەرهێنەری خۆیان لەدەست دەدەن. ئەم ژمارە زۆرەی گیانلەدەستدان و برینداربوونی کرێکاران بە هۆی نەبوونی ئیمکاناتی سەلامەتی لە شوێنی کار، لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکاری ئێراندا بێ وێنەیە. بەداخەوە ڕۆژی ١١ی مانگی گوڵانیش دوو کرێکاری دیکە لە ناوچەی تایبەتی ئابووری بەندەری خومەینی (شاپوور) بەهۆی بەربوونەوە لە بەرزایی گیانیان لەدەستدا. بەگوێرەی هەواڵنێریی هرانا لەماوەی حەفتەی ڕابردوو لانیکەم سێ کرێکار لە ئەشکدز و ئێرانشار بەهۆی نەبوونی ئیمکاناتی ئیمەنی شوێنی کار گیانیان لەدەست داوە. ڕۆژی یەکشەممە ٢٣ی مانگی گوڵانیش کرێکارێکی ڕێگەی ئاسن لە کەرەج بەهۆی ئاگرکەوتنەوە بریندار بوو.



ئەوەش لە کاتێکدایە کە بەرپرسانی وەزارەتی کاری ڕژیم هەتا ئێستا ئاماری کرێکارانی قوربانی شوێنی کاریان سێ تا چوار هێندە کەمتر ڕاگەیاندووە. ڕۆژی ١٠ی گوڵان و دوو ڕۆژ بەر لە ڕۆژی جیهانی کرێکار، حسێن ڕەعیەتی جێگری درۆزنی پەیوەندییەکانی کاری وەزیری"تەعاون، کار و ڕەفاهی ئیجتماعی"ی دەوڵەتی ڕەئیسی ڕایگەیاند کە: "لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ژمارەی کرێکارانی گیانبەختکردوو بەهۆکاری ڕووداوی شوێنی کار، لە ٧١٢ کەس لە ساڵی ١٤٠٠ەوە بۆ ٦٨٠ کەس لە ساڵی ١٤٠١ کەم بووەتەوە و ئەمەش هاتنە خواری ٩٠٧ لەسەدی ڕووداوەکانی شوێنی کار نیشان دەدات". شەرمەزاری ئاماری ساختە و ناتەبای ڕژیمی ئیسلامی لەبواری تەڵەفاتی کرێکاران لە شوێنی کار هێندە ئاشکرایە کە بەڕێوەبەری گشتی لێکۆڵینەوەی کاری ئەم وەزارەتە ناچار بوو بۆ پاساوکردنی، ئاماری دژبە یەک ڕاگەیەنێت. ئەو ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠ی مانگی گوڵان لەم پەیوەندییەدا وتی: "هۆکاری جیاوازی نێوان ئاماری پزیشکی قانوونی لەگەڵ ئاماری لێکۆڵەرانی وەزارەتی کار ئەوەیە کە سەرجەم ئەو کرێکارانەی کە یاسای کار نایانگرێتەوە، لە ئامارەکانی ئێمەدا نین". بە پێی ڕاپۆرتی ئیلنا، ئاژانسی هەواڵی کاری کۆماری ئیسلامی، پێداگری وەزارەتی کار لەسەر کەمکردنەوەی ئامار و ژمارەی ڕووداوەکانی کار، هەوڵێکە لە لایەن حکوومەتەوە بۆ پیشاندانی باشتربوونی پێوەرە ئابوورییەکان و کەمبوونەوەی ڕێژەی بێکاری. هەروەها بەرپرسانی باڵای وەزارەتی کار بە

لابردنی بەشێکی بەرچاو لە ئاماری مەرگی کرێکاران بەهۆی نەبوونی ئیمکاناتی ئیمەنی شوێنی کار، ئامارە فەرمییەکانی پزیشکی قانوونییان چوار بەرابەر کەم کردووەتەوە. هەڵبەت ئەمە بۆ خەڵک جێی سەرسووڕمان نییە و بەهۆی ناسینی سروشتی ڕژیم، متمانە بە هیچ ئامار و هەواڵێک ناکەن کە لە لایەن میدیاکانی کۆماری ئیسلامییەوە بڵاو دەکرێتەوە.

لە حکوومەتی ئیسلامیی سەرمایەداران تەنانەت ئاماری گیانلەدەستدان و برینداربوون لە شوێنی کاریش ئەمنیەتی پێناسە دەکرێت. ڕژیمی ئیسلامی کە لەناو گەلێک قەیراندا گرفتارە، لە ترسی سەرهەڵدانی مانگرتنی کرێکاران، ناوێرێ ئامار و ئەرقامی واقعی سەبارەت بە قوربانی بوونی کرێکاران بڵاوبکاتەوە. دەزگا ئەمنییەکانی ڕژیم خۆیان بەپێی



تێبینییە ئەمنییەکانیان دیاری دەکەن کە ژمارە و ئەرقامێک بڵاوبکرێتەوە. یەکێک لە "چالاکانی کرێکار"ی سەر بە ڕژیم دەڵێ: "حکوومەت نایهەوێ لەمبارەوە واقعییەت قەبووڵ بکات. چونکە نایهەوێ دان بەوە دابنێ کە هەموو ڕۆژێ لە ئێران ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران بەهۆی نەبوونی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ئیمەنی شوێنی کار گیانیان لەدەست دەدەن و ژمارەی قوربانییان یەکجار چووەتە سەرێ". ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانی قوربانی بەهۆی بەربوونەوە لە بەرزایی گیان لەدەست دەدەن و باقییەکەیان بە ڕووداوەکانی دیکە لەوانە ئاگرکەوتنەوە، بەرکەوتی ئەشیای سەخت، خنکان لەناو چاڵاو، تەزووی کارەبا، نوقم بوون، ڕووداوی هاتوچوو، تەقینەوەی مەعدەن، گەرما و سەرمای توند و ڕووداوەکانی دیکە گیانیان لەدەست دەدەن. کەمتەرخەمی و بێ ئەخلاقی ڕێبەرانی ڕژیمی دژەکرێکاری ئیسلامی لەئاست پاراستنی گیانی کرێکاران لە حاڵێکدایە کە کۆماری ئیسلامی پەیماننامەی ١٥٥ی ڕێکخراوی جیهانیی کار"ی واژۆ کردووە و بۆ فریودانی بیروڕای گشتی لەم بوارەدا گەلێک تەبلیغاتی درۆینەی کردووە. لەسەر بنەمای ئەم ڕێککەوتنە، وڵاتانی واژۆکار پابەندن بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ سەلامەتی ژینگەی کار و نوێکردنەوەی. بەڵام ڕێبەران و کاربەدەستانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە مەبەستی چەوساندنەوەی زیاتر لەم بوارەدا هیچ هەنگاوێک ناگرنەبەر و بە کردەوە دەستی سەرمایەدارانی کەرتی تایبەت و حکوومەت وەک گەورەترین خاوەنکاریان ئاواڵە هێشتووەتەوە بۆ ئەوەی بەبێ تەرخانکردنی هیچ تێچوویەک بۆ پاراستنی گیانی کرێکاران هەرچی زیاتر بیانچەوسێننەوە. هەر بەم هۆیەشەوە کۆماری ئیسلامی بە هۆی پابەندنەبوون بە پێوەرە ستانداردەکان لە بواری سەلامەتی شوێنی کار، لە نێو وڵاتانی جیهاندا پلەی ١٠٢ی گرتووە کە پلەیەکی زۆر نزمە.

ڕووداو و مەترسیەکانی کار، نەبوونی ئیمەنی شوێنی کار، مەرگی بەڕواڵەت لەناکاو و بێ ئەژمار، پەککەوتن و پیری پێش وەخت، کەم ئەندام بوون، نەخۆشیە مەترسیدارەکانی سەرچاوەگرتوو لە شوێنی ناسالمی کار، هەمووی ئەوانە تەنیا گۆشەیەکن لەو هەڵسووکەوتەی کە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە حەق کرێکاردا ئەنجامی دەدا. ئاشکرایە کە بۆ کۆتایی هێنان بەم نەهامەتییانەی سەرمایەداری پێویستە خودی ئەم نیزامە ڕیشەکێش بکرێت. بۆ ئەوەی ئینسانەکان نەبنە قوربانی کار و بەرهەمی سەرمایەداری، دەبێ دەسەڵاتی سەرمایەداری بەسەر کار و بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی کۆتایی پێ بێت. پێویستە حکوومەتی کرێکاران هەموو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە دەستی سەرمایەدارەکان دەربێنێت. تا پڕۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی، بەڕاستی ببێتە پڕۆسەیەکی ئینسانی و وشیارانە کە نەتەنیا ئینسانەکان تێیدا نەبنە قوربانی، بەڵکوو بەتەواوی بخرێتە خزمەت خۆشبژێوی، پەروەردەکردنی تواناکان و بینای ژیانی ئینسانە ئازاد و یەکسانەکان. ئەمە وەڵامی کۆتایی و تاکە وەڵامی یەکلاکەرەوەیە کە چینی کرێکار دەبێت بیداتەوە بە هەژاری و نەهامەتی ئابووری و ئەو ئازارانەی کە بەهۆی حوکمی سەرمایەدارییەوە دروست بووە، کە یەکێک لەوانە نائەمن بوونی شوێنی کار و بەرهەمهێنان لەم سیستەمەدایە.


بەڵام هەتا کاتێک کە سەرمایەداری دەسەڵاتدارە و هەتا کاتێک کە لۆژیکی سەرمایەداری حوکم دەکات، ڕێگای بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ نائەمنی شوێنی کار لە هەموو شوێنێک هەمان یەکگرتوویی و هێزی چینایەتی ڕێکخراو و وشیاری چینی کرێکارە. ئەو چینە کە دەیهەوێ ئەم نیزامە دژەئینسانە لەگۆڕ بنێ. کەوابوو ئەوە کرێکاران خۆیانن کە دەبێ بە خەباتی ڕێکخراو و بەبەرنامەی خۆیان پشت ببەستن و خاوەنکاران و دەوڵەت ناچار بە دابین کردنی ئیمەنی شوێنی کارەکانیان بکەن. یەکگرتوویی و هێزی چینایەتی کرێکاران تەنیا ئامرازی بەرەنگاربوونەوە لە بەرامبەر بارودۆخی دژە مرۆیی سەرمایەداران و دەوڵەتەکانیانە. بە مەبەستی کەم کردنەوەی مەترسی و قوربانی کار و بەرهەمی سەرمایەداری و دەستەبەرکردنی ئیمەنی و سڵامەتی شوێنی کار و هەروەها بۆ گەڕانەوەی هەزینە و خەساری ڕووداوەکانی شوێنی کار بۆ کرێکاران، پێویستە هێزی یەکگرتوو و ڕێکخراوی کرێکاران بکەوێتە گەڕ و دەستبەجێ خواستی چینی کرێکار بەسەر خاوەنکار ودەوڵەتی پشتیوانیدا بسەپێندرێت. بێ گۆمان، دابین کردنی ئیمەنی شوێنی کار وەك هەر خواستێکی ڕەوای دیکە، تەنیا بە زەبری خەبات و هاوپشتی چینی کرێکار بەسەر سەرمایەداران و دەوڵەتی پشتیوانیاندا دەسەپێت!

❋ ❋ ❋

## بەیاننامەی ناوەندی نووسەرانی ئێران:

## هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێ و بێ شەرت و مەرجی حوکمی محەممەد ڕەسووڵئۆف

لە درێژەی شەپۆلی تازەی ترس وەبەرنان و سەرکوتی ئازادی ڕادەربڕین و ئازادییە تاکەکەسییەکانی تر، دادگای پێداچوونەوە حوکمی هەشت ساڵ زیندان، شەللاق و جەریمەی نەقدی بۆ محەممەد ڕەسووڵئۆف فیلمسازی ناڕازی و ئەندامی ئیفتخاری ناوەندیی نووسەرانی ئێران پشتڕاست کردەوە و بۆ




جێبەجێ کردنی ڕەوانەی دایرەی ئیجرای ئەحکامی کرد. ئەم حوکمانە بەتایبەت لەم ڕۆژانەدا بەسەر ئەو هونەرمەندانەدا دەسەپێ کە ملکەچی زەبر و زۆری ڕژیم نەبوون و بایەخیان بە سووکایەتی نهێنی ئەمجۆرە حوکمانە نەداوە. ڕەسووڵئۆف هیچ تاوانێکی ئەنجام نەداوە کە سزاکەی زیندان و شەللاق و زەوتکردنی دارایی بێت. موحاکمە و سزا وەرگرتن شیاوی ئەو کەسانەیە کە پتر لە چل ساڵە لە پەنای دەسەڵاتدا خەریکی تاڵانکردنی ماڵ و ئەمنیەت و ئازادی خەڵکن. نەک فیلمساز و دەرهێنەرێک کە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی و خوڵقاندنی هونەر لە مافی ئینسانی و سەرەتایی و بنەڕەتیی خۆی واتە ئازادیی ڕادەربڕین کەڵکی وەرگرتووە؛ نەک ئەو بێ ئەژمار ژنانەی کە دەیانهەوێ بە ئیختیاری خۆیان جلوبەرگیان هەڵبژێرن؛ نەک ئەو کۆمەڵە مەزنەی کرێکاران کە لە مافی ژیان و بژێوی خۆیان داکۆکی دەکەن؛ نەک ملیۆنها گەنج کە دەیانهەوێ خاوەنی شێوازی ژیانی خۆیان بن؛ نەک نووسەران و هونەرمەندانێک کە تەسلیمی سانسۆڕ و زەبروزەنگ نابن و ...

ئەوانەی کە "یاسا"یان کردووەتە ئامراز و بیانووی سەرکوت و بەردەوام بەزەبری سیستمی ستەم خەریکی دەرکردنی حوکمی سێدارە و زیندان و دوورخستنەوە و شەللاق بۆ ڕەخنەگران و نەیارانن، دەبێ بزانن کە هیچ شتێک ناتوانێ زوڵم و ستەم دژبە خەڵک پاساو بکات؛ تەنانەت "یاسا"ش!

ئەو یاسایەی کە کەرامەتی ئینسان، واتە باڵاترین یاسا و ماف، نادیدە دەگرێ و ژێر پێی دەخات، بە هیچ شێوەیەک نابێ بەڕێوەبچێت. بەشێکی گرینگ لە کەرامەتی ئینسان لە ئازادیدایە و بە ئازادییە کە بەدەست دێت. وە ئەوەش دروست ئەو خاڵەیە کە دەسەڵات ساڵەهایە هێرشی کردووەتە سەر. تازەترین نموونەشی دەرکردنی حوکمی زیندان و شەلاق بۆ محەممەد ڕەسووڵئۆفە.

ناوەندی نووسەرانی ئێران حوکمی دەرکراو بۆ محەممەد ڕەسووڵئۆف مەحکووم دەکات و خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێ و بێ شەرت و مەرجی ئەم حوکمە و سەرجەم ئەو حوکمانەیە کە بۆ هونەرمەندانی ڕەخنەگر و نەیار، بۆ هاووڵاتییانی ناڕازی و بۆ چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان دەرکراوە.

ئازادیی بیرکردنەوە و ڕادەربڕین بە بێ سنوور و جیاوازی مافی هەمووانە.

ناوەندی نووسەرانی ئێران

٢١ی گوڵانی ١٤٠٣ی هەتاوی

***

## پەیامی ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکانی ئێران

### بۆ کرێکاران و ڕێکخراوە کرێکارییەکانی هەموو وڵاتان

ڕژیمی سەرمایەداری – ئیسلامی ئێران لەماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا لە بواری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا شەڕێکی بەردەوام و سەرتاسەری لە دژی چینی کرێکار بەڕێوەبردووە. لانیکەمی حەقدەست چەند هێندە لە ژێر هێڵی هەژارییەوەیە و تەنانەت پێدانی بەردەوامی حەقدەستەکان بووەتە یەکێک لە داواکارییەکانی کرێکارانی ئێران. لە ئەنجامدا بارودۆخی ژیانی کرێکاران بۆ ئاستێکی زۆر نزم و تاقەت پرووکێن دابەزیوە. کرێکارانی ئێران بۆ دابینکردنی سەرپەنا و پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان بۆ بنەماڵەکانیان، هەندێک جار ناچارن سێ پیشەی ناجێگیر ئەنجام بدەن. حکوومەتی ئێران تەنانەت یاسای کاری خۆشی پێشێل دەکات و کەمترین ڕێز لە ڕێکەوتننامەکانی ڕێکخراوی جیهانی کار ناگرێت. سەرکوتکردن و دەستگیرکردنی کرێکاران بووەتە بابەتێکی ڕۆژانە. لە هەموو ئەم ماوەیەدا چینی کرێکار لە ئێران سەرەڕای هەموو سەرکوتێکی وەحشیانە و بێبەریکرانی لە مافی بنەڕەتی کار و مافی ئینسانی، خۆڕاگرییەکی شیاوی ستایشی لە خۆی نیشان داوە و لە نەبەردێکی یەکجار نابەرابەردا بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆی خەباتی کردووە.

ساڵانە سەدان کرێکاری ناڕازی و چالاکی کرێکاری لە ئێران بەهۆی خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ئەو مافە سەرەتاییانەی کە کرێکارانی سەرتاسەری جیهان بەڕەسمییان ناسیوە، لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە هەڕەشەیان لێدەکرێت، لەسەر کار دەردەکرێن، دەستگیر دەکرێن و ئەشکەنجە دەدرێن. لە ئێستادا ژمارەیەکی بەرچاو لە کرێکاران و چالاکانی کرێکاری ناڕازی بەو هۆیەوە سزای زیندانی درێژخایەنیان بەسەردا سەپێنراوە. ڕێکخراوە کرێکارییە سەربەخۆکانی ئێستا لەژێر فشارێکی بەردەوام و چڕدان. چالاکییەکانیان بە توندی سنووردار کراوەتەوە و زۆرێک لە کرێکارانی دەستەی دامەزرێنەر و ئەندامانیان یان زیندانی کراون یان لەژێر فشاری دایمی سەرکوتگەرانی حکوومەتی دان و بەبێ دادگاییکردن بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دەستبەسەرکراون. هەروەها لە کەس شاراوە نییە کە ڕژیمی دەسەڵاتدار لە ئێران توندترین سەرکوت، فشار، تەحقیر و هەڕەشە بەرامبەر




بە ژنان، بەتایبەت ژنانی کرێکار و ڕۆشنبیر بەڕێوەدەبات.

کۆماری ئیسلامی ئێران وەک ئەندامێکی ڕێکخراوی جیهانی کار ئەرکی سەر شانیەتی کە پابەند بێت بە کۆنوانسیۆنەکانی ئەم ڕێکخراوە لەوانە ئازادی ڕێکخراوەکان و پەیمانە جەمعییەکان. بەڵام ڕژیمی دەسەڵاتداری ئێران بە ئاشکرا و بێ شەرمانە ئەم ڕێکەوتنە لازمولئیجرایانە پێشێل دەکات. ڕژیمی ئێران سەرەڕای هەبوونی پێشینەی دوورودرێژی سەرکوت و توندوتیژی بەرامبەر بە کرێکاران لەماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوو و سەرەڕای پێشێلکردنی بەردەوامی مافی کرێکاران، ڕێگەی پێدراوە نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی نزیک لە حکوومەت، لەوانە "ناوەندی باڵای شۆرا ئیسلامییەکانی کار" لە جیاتی نوێنەرانی سەربەخۆ و ڕاستەقینەی کرێکاران بۆ کۆنفرانسی ساڵانەی ڕێکخراوی جیهانی کار بنێرێت. ئەوەش لە کاتێکدایە کە هیچ نیشانەیەک لە چاوەدێری ڕێکخراوی جیهانی کار نابیندرێت بۆ سەلماندنی سەربەخۆبوونی نوێنەرانی کرێکاری. لەوەش جێگەی داخ ترئەوەیە ئەم کەسە نیابەتییانە تەنانەت پلەیان بۆ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی و کۆمیتەکانی دیکە بەرز دەکرێتەوە. کۆماری ئیسلامی نوێنەرانی خاوەنکارانیش خۆی هەڵیدەبژێرێت و هەربۆیە هەموو نوێنەرانی ئێران، کارگێڕ و دەست و پەیوەندی حکوومەتی ئیسلامین.

ساڵەهایە ڕێکخراوە سەربەخۆکان و چالاکانی کرێکاری لە ئێران تەئکیدیان کردووە کە ئەم بەناو "هەیئەتە کرێکارییانەی ئێران" لە ڕێکخراوی جیهانی کار، نوێنەری کرێکارانی ئێران نین و داوایان لە ناوەندە پەیوەندیدارەکانی ڕێکخراوی جیهانی کار کردووە کە بەر بەم ساختەکارییە بێشەرمانەیە بگرن، بەڵام بەرەورووی دیواری ئەستووری بێدەنگی بوونەتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٥ دوای سکاڵایەک لە دەوڵەتی ئێران سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی کرێکاران، دۆسیەیەک لە ڕێکخراوی جیهانی کار پێکهات. لەو کاتەوە هەتا ئێستا هەموو ساڵێ سکاڵای زیاتر بە دۆسیەکە زیاد بووە، بەڵام دوای تێپەڕینی نزیک بە ٢٠ ساڵ، ڕێکخراوی جیهانی کار هیچ هەنگاوێکی گرینگ و کاریگەری بۆ وڵامدانەوە بەم سکاڵایانە هەڵنەگرتووە. ١١٢هەمین کۆنفرانسی ڕێکخراوی جیهانی کار لە ٣ تا ١٤ی مانگی ژوئەنی ٢٠٢٤ لە ژنێڤ بەڕێوەدەچێت. کرێکاران و کۆمەڵگەی کرێکاری ئێران چاوەڕوانی ئەوەن کە نوێنەرانی کرێکارانی وڵاتانی جۆراوجۆر لە ڕێکخراوی جیهانی کار، لەقاوەدەری ئەم ڕژیمە دژەکرێکارە بن و هەوڵ بدەن تریبوونە جیهانییەکان لەدەست ئەو کەسانە دەربێنن کە بە درۆ و لەڕێگەی ئامرازی حکوومەتییەوە کورسی ڕێکخراوی جیهانی کاریان داگیر کرووە. ئێمە ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان و خانەنشینانی واژۆکاری ئەم نامەیە و کرێکارانی زیندانی لە ئێران، داوا لە ڕێکخراوە کرێکارییەکان و چینی کرێکار لە سەرتاسەری جیهان دەکەین کە لە خەباتی کرێکارانی ئێران پشتیوانی بکەن و ئەحکامی سەرەڕۆیانە و زاڵمانەی زیندانی درێژماوە لەدژی ئەوان ڕاشکاوانە ئیدانە بکەن.

داوا لە کرێکاران و یەکیەتییە کرێکارییەکانی جیهان دەکەین کە لەئاست پێشێلکردنی مافی کرێکارانی ئێران و سەرکوت و جۆرەکانی تری ستەم کە کۆماری ئیسلامی بەسەر کرێکارانیدا دەسەپێنێ، کەمتەرخەم نەبن. لە خەبات بۆ مافی ئازادی ڕێکخراو، پەیمانە جەمعییەکان و ئازادی زیندانیانی سیاسی بەتایبەت کرێکارانی زیندانی، ببنە زمانی ڕاشکاوی کرێکارانی ئێران و لەم ڕێگەوە هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار نیشان بدەن. بژی یەکڕیزی و تەبایی نێونەتەوەیی کرێکاران!

٢٣ی گوڵانی ١٤٠٣ی هەتاوی

سەندیکای کرێکارانی نەیشەکەری حەوت تەپە

گرووپی یەکیەتیی خانەنشینەکان

کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان

کرێکارانی خانەنشینی خووزستان

***

# "عەقڵانییەتی ئینقلابی"، درێژەی "نەرمشی قارەمانانە"

شەوی سێشەممە ١٨ی مانگی گوڵان ئیبڕاهیم ڕەئیسی لە وتووژێکی تەلەڤیزیۆنی پڕ لە هەڵیت و پڵیت، بە بێ سەرەنجدان بە ناوەرۆکی پرسیارەکان هەوڵی دا شکست و ناکارامەیی سیاسەتەکانی حکوومەتی ئیسلامی پاساو بکات. ئەو بە وشەی بێ ناوەرۆکی وەک "عەقڵانییەتی ئینقلابی" و "وەعدەی سادق" کە مەبەستیان هاویشتنی مووشەک و درۆن بەرەو ئیسرائیلە، ویستی کێشە و قەیرانی قووڵی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆماری ئیسلامی داپۆشێ. هەروەها ڕەئیسی لەم وتووێژەدا هەوڵی دا بڵێ کە هەموو ئەو سیاسەتە ناوخۆیی و ناوچەییانەی کە تووشی شکست بوون لەلایەن هەموو باڵەکانی حکوومەتەوە لەپێناو بەرژەوەندی دەسەڵاتی ئیسلامی داڕێژراون و خامنەیی و شەخسی ئەو خەتابار نین. مەبەستی ڕەئیسی لە "عەقڵانییەتی ئینقلابی" یان هەمان "سەبری ڕاهبۆردی" پاساوکردنی شازش و پاشەکشەیە لە سیاسەتی ناوچەیی و نێونەتەوەیی لە بەرامبەر ئەمریکا و دەسەڵاتەکانی دیکەی سەرمایەداری. بەڵام ڕەئیسی هەوڵی دا ئەم بابەتە بۆ داپۆشینی داماوی و بێتوانایی حکوومەتی ئیسلامی لە بەرامبەر هەموو کێشە و قەیرانە ناوخۆییەکان لە هەموو بوارەکاندا بەکار بهێنێت. ئەو قەیرانانەی کە ڕژیم هەتا ئێستا بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئاکامەکانی بێجگەلە کوشتار و سەرکوت و زیندان و ئەشکەنجە هیچ وڵامێکی نەبووە.

هەروەها لەم چاوپێکەوتنەدا ڕەئیسی لەم قسانە بۆ هێرشکردنە سەر باڵی ڕەقیب لەناو حکوومەت کەڵکی وەرگرت. ئەو بە چاولێکەری لە خامنەیی، سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەوەی باڵی بناژۆخوازی لەژێرناوی "عەقڵانییەتی ئینقلابی و بەڵێنی ڕاستگۆیانە" بەرامبەر بە "دیپلۆماسی پاڕانەوە"ی دەوڵەتی ڕووحانی بەکارهێنا. ئەوەش لە کاتێکدایە کە لە پەیوەند لەگەڵ دانوستانی ئەتۆمی ڕژیم لەگەڵ ئەمریکا و دەسەڵاتە ئورووپاییەکان، دیاریکردن و بەڕێوەبردنی ئەم بوارە هەمیشە لەلایەن ڕێبەری سپای پاسداران و شەخسی خامنەییەوە ئەنجام دراوە. لەماوەی ساڵانی ڕابردووشدا هەر کات حکوومەتی ئیسلامی لەم پەیوەندییەدا لەلایەن ئەمریکا و ڕۆژئاواوە کەوتووەتە ژێر فشارەوە و ناچار بە تەسلیم و پاشەکشە بووە، بۆ پاساوکردنی ناوی دووڕوویانە و فریوکارانەیان بۆ دۆزیوەتەوە. لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاددا کە حکوومەتی ئیسلامی لەژێر گوشاردا ناچار بە تەسلیم و پاشەکشە بوو، ناویان نا "نەرمشی قارەمانانە" و لەئێستاشدا ناوی "عەقڵانییەتی ئینقلابی"یان بۆ سازان و پاشەکشەکردن لە سیاسەتی فراوانخوازی و داگیرکەرانە لە ناوچەکە دۆزیوەتەوە. ئاشکرایە کە لە پێکهاتەی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیدا، دەوڵەتەکانی خاتەمی و ڕووحانی و ئەحمەدی نەژاد یان ڕەئیسی ڕۆڵێکی وایان لە داڕشتنی سیاسەتەکاندا نەبووە. محەممەد خاتەمی خۆی بە تەداڕوکچی پێناسە دەکرد و جەوادی زەریف وەزیری دەرەوە لە ساڵی ١٣٩٩ لە وتووێژێکدا وێڕای دانپێدانان بەم ڕاستییە وتی: "کاتێک دەکەومە بەرامبەر جیهان نوێنەری دەسەڵاتم و ناچارم لە کردەوەکانی دیفاع بکەم. چ لەگەڵیان موافق بم یان نەبم. هەتا ئێستاش لە هێندێک کردەوە دیفاعم کردووە کە بە باوەڕی من بە قازانجی وڵات نەبوون".

ئیدیعایەکی گاڵتەجاڕانەی دیکەی ڕەئیسی قاتڵ لەم وتووێژەدا ئەوە بوو کە ئەوان بە "عەقڵانییەتی ئینقلابی" لە بەرامبەر دیپلۆماسی پاڕانەوە، بە هاوکاریی "مەیدان و دیپلۆماسی" و بە عەمەلیاتی "وەعدەی سادق" کە بریتی بوو لە هاویشتنی



چەند مووشەک و درۆن بەرەو ئیسرائیل، توانیویانە سێبەری شەڕ لەسەر وڵات لابەرن. یەکەم، لەم بەناو کاردانەوەیەی ڕژیمدا، تەقریبەن هەموو مووشەک و درۆنەکان بە هاوکاری ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمانی خرانە خوارەوە. دووهەم، ئەم هێرشەی ڕژیمی ئیسلامی پاش ڕەزامەندی ئەمریکا و بە ئاگاداری ئیسرائیل ئەنجام درا و لەسەر سیاسەتی ئیسرائیل بەرامبەر بە ڕژیم هیچ کاریگەرییەکی نەبوو. سێهەم، سێبەری شەڕ ئەگەر بەسەر سەری خەڵکی ئێرانیشەوە بێت، هۆکارەکەی سیاسەتی زێدەخوازانە و شەڕخوازانەی خودی حکوومەتی ئیسلامییە. خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئیجازەی ئەمریکا بۆ ئەنجامدانی ئەم عەمەلیاتە بەشێک لە ئیمتیازێک بوو کە دەوڵەتی ئەمریکا کە لەئێستادا خەریکی سات و سەودا لەگەڵ ڕژیمە، بە کۆماری ئیسلامی دا تا لە سەرشۆڕی زیاتری کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لە ناوەوە ڕێگری بکات و ڕژیم بتوانێ بۆ پڕۆپاگەندەی ناوخۆیی کەڵکی لێوەربگرێت.

ئیبڕاهیم ڕەئیسی لە درێژەدا بە ئامانجی سەرپۆش دانان لەسەر شکست و بێتوانایی خۆی لە پێگەی سەرۆک کۆماردا بەوپەڕی بێشەرمییەوە دەستی کرد بە درۆودەلەسە سەبارەت بەو ڕووداوانەی کە لەماوەی دوو سێ ساڵی ڕابردوودا ڕوویان داوە و بۆ خەڵکی ئێران بەتەواوی ڕوونە و واقعییەت شتێکی ترە. بۆ نموونە ئیدیعای ئەوەی کرد کە دەوڵەت توانیویەتی کێشەی ڤاکسینی کۆرۆنا چارەسەر بکات. بەڵام کەسانی تر دەیانهەویست لەڕێگەی "دیپلۆماسی پاڕانەوە" بە چەند پەیوەندی تەلەفونی کێشەکە چارەسەر بکەن کە مەرگی ٧٠٠کەسی لێکەوتەوە. ئەوەش لەحاڵێکدابوو کە ئەوکات خامنەیی ڕایگەیاند: "هێنانی ڤاکسینی ئەمریکا و ئینگلیس بۆ وڵات قەدەعەیە. وە بەمجۆرە نەک ٧٠٠ کەس بەڵکوو زیاتر لە ٠٠٣ هەزار کەس گیانیان لەدەستدا.

لەوەش گاڵتەجاڕتر درۆودەلەسەی ڕەئیسی لەبواری دەستکەوتی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بوو. لە حاڵێکدا کە قەیرانی ئابووریی ڕژیم ژیان و گوزەرانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی کۆمەڵگای بەرەوڕووی مەترسی جیددی کردووەتەوە، لە حاڵێکدا کە تەوەرۆمی خۆراک گەیشتووەتە سەرووی ٦٠%، لە حاڵێکدا کە دابەزینی بەهای ڕیاڵ توانای کڕینی یەکجار هێناوەتەوە خوارێ و سەبەدی بژێوی بنەماڵەیەکی کرێکاری گەیاندووەتە ٣٠ ملیۆن تمەن و شۆرای باڵای کاری ڕژیم لانیکەمی حەقدەستی چوار بەرابەر ژێر هێڵی هەژاری دیاریکردووە، ڕەئیسی قاتڵ بە خۆگێلکردنی ئاخوندی ئیدیعا دەکات کە ئاکامێکی تری "عەقڵانییەتی ئینقلابی" ئەوەیە کە وڵامی قەیرانی ئابووری داوەتەو و حکوومەتی ئیسلامی بە ڕەونەقی ئابوورییەوە لە حاڵی پێشڕەویدایە و هەر ئەم بابەتەش "دوژمنی" تووڕە کردووە. لە کاتێکدا کە قەیرانی مەسکن زۆرێک لە کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی بێ خانە و لانە کردووە و خەڵک لە کارتۆن و قەبر و لەژێر پرددا دەخەون، ڕەئیسی بێشەرمانە دەڵێ: "لەڕێگەی عەقڵانییەتی ئینقلابییەوە دەوڵەت سەرکەوتووانە هەنگاوی هەڵگرتووە و شایەدی ئەوەین کە لە ئێراندا ٢ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار مەسکەن دروستکراوە. لە سەرەتای کاری ئەم دەوڵەتەدا وتم کە دەبێ هەموو ساڵێ یەک ملیۆن پیشە پێکبێنین. ئەم کارەمان کردووە و لەئێستادا بێکاری لە هێندێک لە ئوستانەکان گەیشتووەتە پێنج لەسەد. هەوڵمان دا فشار نەکەوێتە سەر توێژە کەمداهات و لاوازەکان. هەربۆیە حەقدەست و مووچەی خانەنشینانمان دوو سێ بەرابەر کردووە. هەر لە سەرەتاوە ڕامانگەیاند کە پێکهاتەی گەندەڵ ئیسلاح دەکەین و بۆ یەکەم جار دوای ٤٥ ساڵ ئەمە ڕوویداوە و هیتر. ڕەئیسی لە کۆتایی هەڵیت و پڵیتەکانیدا وتی: "بێگومان خەڵک کێشەیان هەیە بەڵام حزووری ٩ ملیۆن کەس زیارەتکار لە کەنار بارەگای ئیمام ڕەزا و بەشداری ٢٥ ملیۆن کەس لە ساڵی ڕابردوو لە ڕووداوە فەرهەنگییەکان لەوانە نەمایشگاکانی قورئان نیشانەی شادبوونی خەڵکە. دەوڵەت بۆ پێکهێنانی شادی کۆمەڵایەتی بەتایبەت بۆ نەسلی کچان و کوڕانی لاو هەنگاوی زیاتر هەڵدەگرێت. بەڵام ڕەئیسی هاوکات فەرامۆشی نەکرد کە هەڕەشە بکات و بڵێ حیجاب ئەرکێکی ئایینی و یاساییە و ژنان دەبێت ڕەچاوی بکەن.

بێگومان ڕزگاری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی ئێران لە چنگ وەها دەسەڵاتێکی ساختەکار، تاوانکار و دژەئینسان تەنها بە درێژە و گەشەپێدانی مانگرتن و نارەزایەتی کرێکاری و جەماوەری بەتایبەت بە پەرەپێدانی مانگرتنی کرێکاری لە ناوەندە سەرەکییەکانی ئابووری ئێران، ڕێکخستنی ئەم خەباتە و بە ئامادەکردنی پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانە دێتە دی.

❊❊❊

# پێویستی پەرەپێدانی بزووتنەوەی هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی فەلەستین

لە کاتێکدا کە شەڕ و جینۆسایدی حکوومەتی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی بێ دیفاعی غەززە پێی ناوەتە هەشتەمین مانگەوە، دەوڵەتی فاشیستی نەتانیاهۆ هەروا لەسەر درێژەی شەڕ و کوشتار لە غەززە پێداگری دەکات. لە وەها بارودۆخێکدا ناڕەزایەتی دژبەم شەڕەماڵوێرانکەرە لە سەرتاسەری جیهان بەردەوامە و بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئەمریکاش دژی درێژەی کۆمەڵکوژیی دەوڵەتی ئیسرائیل، هاتووەتە مەیدان. لەماوەی یەک مانگی ڕابردوودا ناڕەزایەتی خوێندکاران لە زیاتر لە ٤٠ زانکۆی ئەمریکا بۆ پشتیوانی لە فەلەستین و بە خواستی پێشکەوتنخوازانە و مرۆڤدۆستانە لەوانە ڕاگرتنی وەبەرهێنان و پەیوەندی دارایی زانکۆکان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل بەڕێوەچووە. ناڕەزایەتی خوێندکاران بەرەوڕووی هێرشی دڕندانەی هێزەکانی پۆلیس بووەتەوە و بەهۆیەوە ژمارەیەک لە خوێندکاران بریندواربوون و زیاتر لە ٩٠٠کەسیان



دەستگیرکراون و ژمارەیەکی زۆریش لە مامۆستایان و خوێندکاران بەر بە چالاکییان گیراوە. لەئێستادا ناڕەزایەتی خوێندکاری دژبە شەڕی حکوومەتی ئیسرائیل وڵاتانی کانەدا و ئۆستралیا و هێندێک لە وڵاتانی دیکەی لە ئوورووپا و شوێنەکانی تری جیهان گرتووەتەوە.

لە ناوەوەی ئیسرائیلیش ناڕەزایەتی دژبە دەوڵەتی نەتانیاهۆ بەهۆی پێداگری لەسەر درێژەی شەڕ، چ لەلایەن بیروڕای پێشکەوتنخواز و چەپی کۆمەڵگا و چ لەلایەن بنەماڵەی زیندانیانێک کە لەلایەن تاقمی تیرۆریستی حەماسەوە لە حەوتی ئۆکتۆبر بەدیل گیراون، بەردەوام پەرە دەستێنێت. ئەوان خوازیاری ڕاگرتنی شەڕ و ڕێککەوتن لەگەڵ حەماس بە ئامانجی ئازادکردنی بەدیلگیراوانن. شەوی شەممە ١٥ی مانگی گوڵان کە هاوکات بوو لەگەڵ "ساڵیادی هۆلۆکاست" لە ئیسرائیل، خەڵکی ناڕازی لە تێلاڤیڤ، قودس و چەندین شاری دیکەی ئیسرائیل لە خۆپیشاندانەکانی خۆیان نەتانیاهۆیان بەوە تۆمەتبار کرد کە بەخاتری بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆی، ڕەوتی دانوستانەکان لەگەڵ حەماس کە لەم ڕۆژەدا لە قاهیرە لەئارادابوو تێک دەدات بۆ ئەوەی شەڕ دژبە خەڵکی فەلەستین درێژە بدات و هیچ هەنگاوێک بۆ ئازادکردنی بەدیلگیراوان هەڵناگرێت. لەئێستادا زۆرێک لە ناڕازییان خوازیاری لەسەرکارلاچوونی نەتانیاهۆ و کابینەی جەنگی و کۆنەپەرستی ئیسرائیلن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش لایەنگرانی ئەم خواستە و ناڕازییانی ئیسرائیلی و فەلەستینی زیاتر دەبن. لەم پەیوەندییەدا ستادێک کە بۆ ئازادی بەدیلگیراوان پێکهاتووە، لە کۆتایی ئەم کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەدا لەڕێگەی بەیاننامەیەکەوە ڕووبە نەتانیاهۆ ڕایگەیاند کە: «ئەو هاووڵاتییانەی کە لە نەبوونی ئەمنیەتدا ڕۆژی هێرشی گرووپی حەماس بۆسەر غەززە ڕفێندراون، دەبێ لەڕێگەی وتووێژ و مامەڵەوە بگەڕێندرێنەوە لای بنەماڵەکانیان".

ئەوەش لە کاتێکدایە کە دەوڵەتی ئیسرائیل تەنانەت حازر نەبوو هەیئەتێک بنێری بۆ وتووێژ لە پەیوەند لەگەڵ ئاگربەست و گۆڕینەوەی زیندانیانی ئیسرائیلی و فەلەستینی کە لە ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە ١٥ و ١٦ی مانگی گوڵاندا لە قاهیرە بەڕێوەچوو. ئیسرائیل بە پاساوی قەبووڵ نەکرانی مەرجەکانی لەلایەن حەماسەوە، حازر نەبوو نوێنەری خۆی بۆ ئەم دانوستانە بنێرێ و دانوستانەکە بێ ئاکام کۆتایی هات. ئامانجی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل ئەوەیە کە بە بێ کۆتایی شەڕ و تەنها بە ئاگربەستی کاتی و بە ئازادکردنی ژمارەیەک لە زیندانیانی فەلەستینی کە چ ئەوانەی ساڵانی بەرلە شەڕی غەززە و چ ئەوانەی لە جەریانی ئەم شەڕەدا بەپێی سیاسەتی داگیرکەرانەی زیندانی کردوون، ئازادی بەدیلگیراوان مسۆگەر بکات و کۆتایی بە ناڕەزایەتییە ناوخۆییەکان بهێنێت. نەتانیاهۆ گەلێک جار ڕایگەیاندووە کە شەڕ هەتا نابوودی یەکجاری حەماس درێژە دەدات چونکە کۆتایی شەڕ دەبێتە هۆی مانەوە و بەردەوامبوونی چالاکی حەماس. ئامانجێک کە لە بارودۆخی ئێستادا بە شەڕ نایەتە دی. هەر بەم هۆکارەشە نەتانیاهۆ هەتا ئێستا هەموو گەڵاڵەکانی ئاگربەستی دەوڵەتانی دیکەی ڕەت کردووەتەوە. ڕۆژنامە سەرەکییەکانی ئیسرائیل (یەدیعووت ئاحرۆنۆت و هائارێتز)یش ڕۆژی یەکشەممە ١٦ی مانگی گوڵان ڕەخنەیان لە نەتانیاهۆ گرت و نووسییان: «نەتانیاهۆ بەرنامەیەکی بۆ بەڕێوەبردنی غەززە لەدوای ئاگربەست نییە. ئەولەوییەتی ئەو پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی خۆیەتی، نەک ئازادکردنی هاووڵاتییانی ڕفێندراو".

لەلایەکی دیکەوە تاقمی کۆنەپەرستی حەماس کە ساڵەهایە هاوئاهەنگ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی تەپڵی "نابوودی ئیسرائیل و سڕینەوەی لەسەر نەخشەی جوگرافیا و دامەزراندنی حکوومەتی ئیسلامی لە سەرتاسەری فەلەستینی داگیرکراو" دەکوتێ، لەئێستادا کە کەوتووەتە ئەم بارودۆخە قەیراناوییەوە و لەژێر گوشار دایە و لاواز بووە، دەیهەوێ بە دانی بەهای جەنگ لە گیان و ماڵی خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستین، درێژە بە دەسەڵاتەکەی بدات. بەڵام تەنها کارتی ناو دەستی حەماس بۆ مانۆڕ و گەیشتن بە ئامانجەکانی، یاری کردن بە گیانی ئەو ١٣٠ بەدیلگیراوەیە کە لە هێرشی تیرۆریستیی حەوتی ئۆکتۆبردا ڕفاندوونی.

گەڵاڵەی ئاگربەستی ئەم دواییە کە قەراربوو لە قاهیرە بدرێتە بەر باس، لە دوو قۆناغدا بوو. قۆناغی یەکەم ئاگربەستێکی ٤٠ ڕۆژە بوو وێڕای ئازادکردنی ٣٣ بەدیلگیراوی ئیسرائیل لە بەرامبەر ئازادی ٢٠ تا ٤٠ زیندانی ئەمنیەتی فەلەستینی لەبری ئازادی هەر بەدیلگیراوێکی ئیسرائیل و پاشەکشەکردنی ئەرتەشی ئیسرائیل لە هێندێک شوێنی غەززە. دەوڵەتی ئیسرائیل لەگەڵ ئەم گەڵاڵەیە کە بە قازانجی بوو موافقەتی کرد و هەڕەشەی ئەوەشی کرد کە ئەگەر لەماوەی حەوتوویەکدا حەماس ئاگربەستی کاتی قەبووڵ نەکات، هێرش دەکاتە سەر شاری "ڕەفەح". کە بە وتەی ئیسرائیل چوار گوردانی چەکداری حەماس لەناو ئەو حەشیمەتە یەک ملیۆن و نیوە کە لە غەززە ڕایانکردووە پەنایان گرتووە. ئاکامی وەها هێرشێک بێگومان دەبێتە هۆی کوشتار و ئاوارەبوونی زیاتری خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستین.

ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز ئاشکرایکردووە، سەرکردەکانی



بزووتنەوەی حەماس ڕایانگەیاندووە کە: "لە هیچ بارودۆخێکدا ڕێکەوتنێکی ئاگربەست کە ڕاگرتنی یەکجاری و کۆتایی شەڕ لەخۆنەگرێت، قەبووڵ ناکەن". لەلایەکی دیکەوە بەرپرسانی ئیسرائیلیش ڕایانگەیاندووە کە: «هەتا ڕێکەوتنێک ئازادی هەموو بەدیلگیراوان لەخۆ نەگرێت، کۆتایی شەڕ قەبووڵ ناکەن". لە وەها بارودۆخێکدا درێژە و پەرەسەندنی بزووتنەوەی هاوپشتی جیهانی لەگەڵ خەڵکی فەلەستین و دژی کۆمەڵکوژی ئیسرائیل بۆ گۆڕینی هاوسەنگی هێز و بۆ دەورلێدانەوەی باڵادەستی نیزامی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل یەکجار گرینگە. ڕێگای دەربازبوونی کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدە و بێدیفاعی فەلەستین بەتایبەت لە کەرتی ڕۆژئاوا و ناوچە داگیرکراوەکانی دیکە، چاوەڕوان مانەوە بۆ سات و سەودای دەوڵەتەکان و وتووێژی ئیسرائیل و حەماس نییە. بەڵکوو هاتنە مەیدانی یەکگرتووانە و ڕێکخراو و بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی جیهانی دیفاع لە ئازادی فەلەستین و هێزە پێشڕەو و ئاشتیخوازەکان لە ئیسرائیلە.

❊❊❊

# شێعر

## ( بەهار و کچ )

ئەو کاتەی کە با ، شنەی هەڵ ئەکا
بارانی بەهار ، سەمای بۆ ئەکا
سەوزە سەر دێنێ ، قەژی باز ئەکا
باران ئەیشۆرێت ، با شانەی ئەکا
چرپەی پێت لە گوێم ، لە نم نم باران
بۆنی تۆی هێنا شنەی بەهاران
بەفراو کەوتە رێ ، دڵ چیای دڕی
گوڵ لە هەمۆ ڕەنگ ، سەری هەلبڕی
جریوە جریو ، مەلی بەهاری
قاسپە قاسپی کەو ، شاخ کوردەواری

دەمو لێوەکەت ، گولاڵە سوورە
زۆڵفە لوولەکەت ، چەپکەی چنوورە
بۆ ئەوەی سروشت ، جل و بەرگ گۆڕێ
پەڵەێ هەوری رەش ، بەر هەتاو ئەگرێ
بە هاڕە و هاژە ، چەم رێگا ئەبڕێ
تا لە دڵ دەریا ، ئوقرەیەک بگرێ
بەفری سەر چیا ، سپی وەک روومەت
هاڕە و هاژەی چەم ، لەرزەی پامورەت

***

لە نا مونتەنای ، ئاسمان شینەوە
مەلان لە کوچی ، زستان دێنەوە
ئەگرا بەهارە ، ئەگرا بەهارە
چاوە ڕێ ی هاتن ، یاری نازدارە


***

گوڵالە سوورە ، یا کوو لیوی تۆ
شەپۆلی دەریا ، یا چین قژی تۆ
شنەی بای بەیان ، یا هەناسەی تۆ
بەفر لە چیا ، یا سەر سینگی تۆ
لەنجە و لاری کەو ، یا رویشتەنی تۆ
هاڕە و هاژەی چەم ، یا پامورەی تۆ
هەوری ڕەش بلێم ، یا کوو زوڵفی تۆ
برووسکە و چەخماخ ، یا ئاوری تۆ
مزگێنی بۆ مەل ، یا بۆ ئاشق تۆ

***

سەرم لێ شێوا ، ئەمن لەم ناوا
تۆ وەک بەهاری ، یا بەهار وەک تۆ ؟!!

ئیبراهیم حەیدەری .




**کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :**

دەسپێکی بەرنامەکان، ١٦:٣٠ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٢٢:٣٠، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:٣٠، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ١٠:٣٠، دە و نیوی بەیانی

پێشڕەو

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە (رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

ئیمەیلی کۆمیتەی هاوئاهەنگی تەشکیلاتی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

tashkh@cpiran.org

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب

international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧